(سرية وشخصية) وتحت الايعاز يوميـــة

السرية / امن الحكم الذاتي / امن الاقليم / امن نينوى

رقم المذكرة / ٦٤٠ [illegible] (٥)

فيما يلي كتاب [illegible] قيادة الثورة [illegible] السر ٢٤٨ في [illegible] /١/ ١٩٨٤

(٠) يقتضي (٥) على [illegible] الاجهزة [illegible] في [illegible] المرفقة بكتابكم اعلاه من عناصر الاتحاد الوطني الكردستاني (اتباع جلال الطالباني) من المجرمين التي حكموا او اوقفوا بسببها وكذلك اعفائهم من العقوبات الصادرة بحقهم من المحاكم الخاصة العسكرية والمدنية ومحكمة الثورة وغلق القضايا التحقيقية التي مازالت في دور التحقيق او المحاكمة واطلاق سراحهم من السجن او التوقيف [illegible] (٠) [illegible] اتخاذ مايلزم بصدد ذلك وسنزودكم [illegible] بذلك لاحقا .. [illegible]

التقديـــر (٠)

موقع/ ...

عـ مدير الامن العـام

الاسمـاء

آ) السجناء (٤٥) سجين

ب) رهن المراقبة (٢٢) .

ج) الموقوفين رهن التحقيق (٤١) [illegible]

نسخة منه الى

مديرية ك (١/٦٦) فيما يخص الموقوفين [illegible] لازالت قضاياهم رهن المراقبة

مديريـة ٤٥ / للتأشير رجاء

ضابط الشعبة / على الفور

١) الاحالة الى [illegible] صادرة [illegible] الازم [illegible] وان كان [illegible]

سفر بحق احد هم فيعرض علينا بمطالعة .

٢) تحال الاسماء بعد الانتهاء منها مع الكتاب الى شعبة التفريق .

٣) [illegible] اعلاه خلال اسبوع حتما

٤) [illegible] تفريق المعلومات خلال اسبوع حتما

موقع/ ...

السيد المحـ[illegible]

١٩٨٤/١٢/٢٢

محفوظ في الاضبارة [illegible]

جمعية السجناء الأحرار
المقر العام
Central Office
Association Of Free Prisoners

قائمة باسماء الموقوفين من جماعة الاتحاد الوطني الكردستاني

| الاسم | رقم الدعوى | المحافظة | الملاحظات |
|---|---|---|---|
| ١- اكو محمد عبدالله<br>٢- شيرزاد مجيد اغه رحمن<br>٣- ياسين احمد محمود | موقوفين بالقضية المرقمة ٨٣/٨٥ أمن السليمانية | السليمانية | محاولتهم اختطاف احدى السيارات التابعة لشركة ا |
| ٤- فخرالدين محمد سعيد | = ٨٣/٨٢ = | = | محاولة اغتيال احد المتعاونين مع السلطة • |
| ٥- خالد مصطفى احمد امين<br>٦- دلشاد محمد [illegible]<br>٧- جزاء رشيد محمود | = ٨٣/٨٣ = | = | قبض عليهم كونه من جماعة الاتـ |
| ٨- وريا صابر خورشيد | = ٨٣/٩٢ = | = | قبض عليه كونه من جماعة الاتحا. |
| ٩- محمد عثمان رسول<br>١٠- سالم جعفر محمد | = ٨٣/٨٤ = | | عثر بحوزتهم على منشورات تعود للاتحـ |
| ١١- شيرزاد حمه صالح | = ٨٣/٨٧ = | | قام بالقاء رمانه يدويه على احد ربايا الجيش • |
| ١٢- محمد جمال حسن | = ٨٣/٩٠ = | = | عثر بحوزته على رمانه يدويه |
| ١٣- برزان عبدالله كريم | = ٨٣/٧٩ = | = | قبض عليه لقيامه بكتابة شعارات معاديه • |
| ١٤- بكر حمه صالح | = ٨٣/٨٨ = | = | ضبط بحوزته على رمانه يدويه |
| ١٥- عبدالسلام كريم عبدالله | = ٨٣/٦٤ = | = | قبض عليه كونه من جماعة الاتحـ |
| ١٦- ميرزا عبدالكريم صالح | = ٨٣/٧٢ = | = | = = = = = = |
| ١٧- بكر محمد رسول | = ٨٣/٧٤ = | = | ضبط بحوزته على منشورات معاديـ |
| ١٨- ريكار محمود عبدالله | = ٨٣/٧٧ = | = | = = = = = = |
| ١٩- ازاد جمال كريم | = ٨٤/٩ = | = | = = = = = = |
| ٢٠- محمد عبدالله فتاح | = ٨٣/٩٥ = | = | قبض عليه كونه من جماعة الاتحـ |
| ٢١- [illegible] عبدالله | ٨٣/٤٣ أمن اربيل | اربيل | لقيام القيام باعمال تخريبيـ |
| ٢٢- ابراهيم فتاح احمد | موقوف (رهن التحقيق) في أمن اربيل | | [illegible] بخطف احد الشيوعيين في |

سري للغاية وشخصي

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

ش /

الى /

الموضوع /

ومؤمن بأفكار الحزب والثورة واصدر عملاء ايران

الأوامر لتنظيماتهم الداخلية لأغتياله بعد قيامه

بجمع كاطع للجيش الشعبي في السليمانية )

ب. المتهم طارق قادر محمد

كان يعمل في صفوف عملاء ايران منذ عام ٨٢ وعمل

في تنظيماتهم الداخلية عام ٨٦ ، قام بتوزيع عدد

كبير من رسائل التهديد على المواطنين والتي كانت

يستلمها من مقر اللعين الأول في قره داغ ، اشترك

بثلاث عمليات اختطاف مواطنين ، اعترف الشاهد

التمييز بأنه فوتح من قبل المدعو قيس كريم امير للعمل

ضمن تنظيمات حزب الدعوة العميل والقي القبض على

الأخير ولدى مواجهتهما تبين عدم وجود علاقة

بينهما بهذا الخصوص .

ج. المتهم كمال محمود فرج

بدأ نشاطه عام ٨٦ ضمن التنظيمات الداخلية لعملاء

ايران ، قام باستلام اكثر من ثلاثين رسالة تهديد

من مقر اللعين الأول وتوزيعها على المواطنين ، اشترك

في خمس عمليات اختطاف مواطنين وخطف مجلسين في السليمانية



سري للغاية وشخصي

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

ش /

الى /

الموضوع /

جميماً الى مقر الملبند الأول في قرهداغ ، اشترك في عملية اغتيال الرفيق عبد الله ، كان حلقة الوصل بين الشبكة ومقر الملبند الأول .

د. المتهم برهم عمر سعيد

بدأ نشاطه خلال هذا العام ، اشترك في توزيع عدد من رسائل التهديد ، اشترك في اربع عمليات اختطاف مواطنين وعملتين ، اشترك في عملية اغتيال الرفيق عبد الله وكان البادئ في اطلاق النار عليه.

هـ. المتهم فريدون عارف حسين

بدأ نشاطه عام ٨٦ ، اشترك في توزيع عدد من رسائل التهديد ، قام بنقل الجناة بسيارته الأجرة العائدة له عند تنفيذ عملية اغتيال الرفيق عبد الله وهو الذي تم التشبيك عليه من قبلنا بواسطة مصدرنا المدعو عثمان عبد الله والذي ساعدنا بدوره على كشف افراد الشبكة.

و. المتهم علي حمه رحيم

بدأ نشاطه خلال هذا العام ، اشترك في عمليات

- ٣ -

سري للغاية وشخصي

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

ش /

الى /

الموضوع /

... اختطاف واحدة ...

٢. هناك متهم آخر يدعى (كاوه احمد حمه رحيم) لا زال البحث جاري عنه لغرض القاء القبض عليه حيث اشترك في عملية اختطاف واحدة مع افراد الشبكة ولا يتواجد في منطقة سكناه في الوقت الحاضر علماً بأنه ابن خال المتهم طارق قادر محمد ويحتمل انه اختفى بعد سماعه بالقاء القبض على المذكور.

٣. الشبكة المشار اليها اعلاه مرتبطة بمقر الملينة الاول في قره داغ وكان مسؤولها المباشر المجرم شيركو المسؤول المالي للملينة المذكورة وكان يصدر اليهم توجيهاته عن طريق كل من المتهمين كمال محمود فرج وطارق قادر محمد.

٤. تم التنسيق مع مديرية امن السليمانية بصدد الموضوع عن طريق ضابط ارتباط من منظومتنا لهذا الغرض وتم عرض المعلومات المستخلصة اثناء التحقيق لغرض الاستفادة منها وبطلاعنا لديهم من معلومات وقد طلبت المديرية المذكورة احالة افراد الشبكة اليها لغرض الاستفادة منهم فيما يخص اهتمامات عملهم.

٥. المقترحات

آ. احالة افراد الشبكة الى مديرية امن الحكم الذاتي.

ب. تنفيذ حكم الاعدام بالمجرمين اعلاه بعد فراغ امن ...



سري للغاية وشخصي

سري للغاية وشخصي

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

ش /

الى /

الموضوع /

الحكم الذاتي ماخصم مبالاشتراك مع اعوان المسلحين المسلحية
على ان يتم التنفيذ في نفس البقعه التي نفذوا جريمتهم
فيها بحق الرفيق عبد الله حسن .

جـ. اطلاق سراح المتهم قيس كريم امير لعدم وجود اي
دليل يدينه .

د. اطلاق سراح المتهم فريدون عارف حسين كوني
المتعاون الذي ساعدنا على كشف افراد الشبكه والقاء
القبض عليها .

يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير والاحترام سيدي

العميد الركن

مدير منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

- ٥ -

سري للغاية وشخصي

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
مديرية

العدد /
التاريخ / / ١٩٨

ينقل المكان الذي اختبأ الرفيق عبدالله نيه. وقد أعلمتنا
مديرية أمن منطقة الحكم الذاتي - ق ٢ بموجب كتابها سري وشخصي -
ويفتح بالذات ٢٥٧٨٩ في ١٩٨٧/١١/٢٢ بانه اعلمتها قيادة
مكتب تنظيم الشمال / السكرتارية بموجب كتابها المرقم ٦٨٠٦ في
١٩٨٧/١٢/١٢ بانه تنسب تطع رقاب ثلاثة عوائل من ذوي المجرمين
وبضمنهم عائلة المجرم برهم عمر سعيد محمد مرضوعي بحث طلب المواطنة
اعلاه بصورة هادئة وحجز عائلتين من عوائل المجرمين لمدة ستة اشهر
وقد تم تنفيذ ذلك في حينه. راجين التفضل بالاطلاع.. مع التقدير.

و / مدير امن محافظة السليمانية
١٩٨٩/٩/١٦

( ٢ - ٢ )

ئەم بەڵگەنامەیەش وەڵامی دائیرەی ئەمنی سلێمانییە بۆ مەنزومەی شیمالی لەکەرکوک. کەئەڵێ بەبێ دەنگی لەملی هەموویانمانداوەو کوشتومانن، ئایا وەڵامتان چییە بۆ کەسوکاریان.
مەنزومەی شیمالیش وەڵامیان داونەتەوە تکایە بەکەسوکاریان مەڵێن کە کوشتومانن، ئەمە نهێنی و تایبەتە



مالەی شەهید جەلال عەبدوڵڵا محەمەد ساڵح (ناسراو بە حاجی)

شەهید جەلال

۱۹' لەسلێمانی لەدایکبووە

'/۱۰/۱۹۸٤ لەگەڵ چوار هاوڕێی تریدا لەدوورپیانەکەی سەرچنار گوللەباران کران.

یتم بەشەهیدکردنی جەلال عەبدوڵڵاوە نەوەستا: باوکی و دایکی و سێ خوشکی و

ایەکیشی گرتو رەوانەی هەیئەی کەرکوکی کردن و بەفەرمانێك لە ۱۲/۱۲/۱۹۸۷ سەریان

ملیان بڕێنرا

. شەهید عەبدوڵڵا محەمەد ساڵح ۱۹۳۳

. شەهید رەعنا فەرەج حەسەن ۱۹٤٥

. شەهید نەسرین عەبدوڵڵا محەمەد ۱۹٥۹

. شەهید عەتا عەبدوڵڵا محەمەد ۱۹٦۷

'. شەهید پەروین عەبدوڵڵا محەمەد ۱۹٦۹

۱. شەهید شلێر عەبدوڵڵا محەمەد ۱۹۷٦

ەم خێزانە تەنها خوشكێك و برایەك ماونەتەوە بەناوەکانی رەنگین و عومەر، ئەمان لەکاتی

ئالاوی گرتنەکەدا لەماڵی مامیان بوون



«قوناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ»

هیچ پێویست ناکات لێرەدا بە درێژی باسی ئەوە بکەین کە کۆمەڵ لە دنیادا بە بارێکی پێشکەوتندا ئەگوزەرێت ئەمە راستییەکە و بە بەرچاوی هەموو کەسێکەوەیە بە تایبەتی لەم سەرەتایەدا کە سەدەی بیستەمەو هەر لە ماوەی چل سالێکدا زۆر جۆشێنە ئالۆز و گۆڕ و پێشکەوتن لە هەموو مەیدانێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و زانیاری و تەکنیکی و لە پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی دا هەست ئەکرێت.

بەڵام سەرەڕای ئەمە هەندێ زانایانی بۆرژوازی هەن کە هەوڵێ لە راستی هەڵە دەکەنەوە و یان باوەڕیان وایە کە ئادەمی و ناگۆڕێ (بەرەو دوانە) و (پێشکەوتن) و پەرەسەندنی کۆمەڵ بە چەندی قوناغ و شتی وا ناو ئەبرێت وەکو لەوێدا ئەبینین وەکو... ا

ئادەمی لە مێژوودا باسی رێبازێکی گشتی پەرەسەندن پێشکەوتن و توانە بکرێت لێرەدا پێویستە ئەوەندە بێت پێشان بکەین کە خۆ لادانی لە باوەڕی پێشکەوتن لە کۆمەڵدا یەکێکە لە خاسیەتەکانی زانیاری کۆمەڵایەتی بۆرژوازی لە سەردەمی «ئوگیوون» (ئاوای) دەرخستن کە باوەڕی «پەرەسەندن» بەسەر کۆمەڵدا ناگونجێت هەروا لە سالانی بیستەکەی ئەم چەرخەدا ئەو کتێبەی «سپێنگلەر» بە ناوی «ئاوابوونی ئەوروپا» وە نووس هەروەکو گەورەی ئاینیەن ئەو پێشڕەوانە راگەیاند کە رۆمانتیکی سەرمایەداری ناڕازی رۆمانتیکی و ناچونی هەموو هیوایەک و گشت رۆشنبیری مرۆڤایەتی یەوە ئەچەسپێنێ کە توانای بەرەو پێش چوونی کۆمەڵ لە ناو دا نییە. بەرامبەر لەوەو بەرۆتیستاش زۆر زانای تری کۆمەڵایەتی بۆرژوازی بیر و باوەڕی ئەم جۆرەیان دەربڕیوە و بڕوایان گەڵ دەیان بۆ کردوە و لە کۆنگرەی زانایانی کۆمەڵایەتی دنیادا سالی (١٩٥٦) بڕیاردرا کە تۆکۆڵینەوە بکرێت لە پەرەسەندن و پێشکەوتن وەک رێبازێکی گشتی لە ناو زانیاری کۆمەڵایەتی ئەم چەرخەدا، زانایانی کۆمەڵایەتی بۆرژوازی بەوەشەوە نەوەستان زۆر لەوەی پەرەسەندنیان گۆڕی بە زاراوەی «ئالۆگۆڕی کۆمەڵایەتی» ئا ئەم زانیاری کۆمەڵایەتی ئەم چەرخە جیا بکەینەوە لە زانیاری چەرخی نۆزدەهەم کە پێشتر باوەڕی پێشکەوتن ئەبەستەوە ئەو پێشتر هەروا بە گوتنی چۆن کە زانیاری کۆمەڵایەتی بۆرژوازی پاشگەز بووەوە لە دانپیانانی پێشکەوتن بەڵکو ئەمە باری مرۆڤایەتی زانیاری و کۆمەڵایەتی مانەوەی بۆ ئەرەتێ سەرمایەداری بۆی ئەرەتێ و ماوەی بەرپێکەوتنی بۆیە پەرەسەندن و هەر لە بەرئەوەی زانایانی کۆمەڵایەتی بۆرژوازی لە دژی بیر و باوەڕی پەرەسەندن و لە دژی

پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ، ڕووبەڕووی زانیاریی کۆمەڵایەتی بورژوازی زانیاری مارکسیزم هەیە دەربارەی کۆمەڵ کە لە باسی ڕەوتی مێژوودا تەنیا سەرنجی پەرەسەندنی ئابووری و بەس ، بەڵکو هەروەها بە چەشنێکی زانیاری لەم پەرەسەندنە ئەکۆڵێتەوە و وورد ئەکاتەوە . ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی زانیاری مارکسیزم تەماشای پەرەسەندنی کۆمەڵ بکەین بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە ئەرێتیە لە گۆڕان و پەرەسەندنی شێوەی پێک هاتنی کۆمەڵایەتی ئابووری و بەرهەم هێنان تەنیا شێوەی پێک هاتنی کۆمەڵ دیاری ناکات بەڵکو پەرەسەندنیشی و گوا پەیوەستە وەشی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر بە ئەنجام ئەگەیەنێت شایانی باسە بلێین هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کەم و زۆر کار ئەکەنە سەر چۆنیەتی دەرکەوتنی . مێژووی وولاتان و گەلانی دنیا ئەگەرچی لە بناغەدا لە سەر بەرهەم هێنان و شێوەی بەرهەم هێنانی مادی دائەمەزرێت زانیاری مارکسیزم جۆرێک ئەڕوانێتە ڕەوتی مێژوو کە مەرج و هۆیەکانی و قانوونەکانی تایبەتی خۆی هەیە و ئاماجێک کە دیاری ئەکرێت ----

« مرۆڤ و کۆمەڵ »

مێژووی کۆمەڵ بەردەوام بوون و درێژە پێدانی مێژووی سروشتە ، پەرەسەندنی دنیای ئاژەڵ ڕێگەی خۆش کردووە بۆ پەیدابوونی مرۆڤ لە کۆتایی دەوری جیلۆجی سێیەمدا جۆرە مەیموونێ پەیدابوون کە پێشکەوتووتر بوون لە وانەی پێشووەوە شێوەیان لە چووە سەر مرۆڤ وە ئەمانە بە کۆمەڵ لە ناو دارستانەکاندا و لە سەر گژوگیا و گەڵای دارودرەختەکان ئەژیان دوای ئەوەی ئاووهەوا بەرەو ساردی گۆڕا و دارودرەختان بەشێکی ڕووبەری زەوی داپۆشیوە لە سەرەتای دەوری جیلۆجی چوارەمدا پێویستیەکانی فیزیایی و جوغرافی ئامادە بوون بۆ پەیدابوونی مرۆڤ . لە ئەنجامی قانوونەکانی بایۆلۆژیدا ئەو مەیموونانەی ڕاستی کرد لە کەلەکەی ... مەرج ئاژەڵدا بێتە یاریشی کردنی خۆیان بێنە سەر ئامادەکردن و بەکارهێنانی ئامرازەکانی کارکردن بەم جۆرە سەرەتای گواستنەوەی بۆ خۆ ناخێزان ... بەرەو سەرندنی ماددە دەستی لێ کرد خۆ ئامادە بە پەیدابوونی کۆمەڵی مرۆڤایەتی بە خۆی و قانوونی کۆمەڵایەتییە تازەکانیەوە تەنیا بەرەو بەرە هەندێ گۆڕان لە ئەندامەکانی ئەو چەشنە مەیموونانەدا ڕوویدا کە ڕووخساریان زۆر لە مرۆڤ ئەچوو .

## کۆمۆنەی پاریس

ڕۆژی (١٨)ی مارتی ڕابردوو بیرەوەری تێپەڕبوونی سەد ساڵ بوو بەسەر دامەزراندنی "کۆمۆنەی پاریس"دا. گەلی چین ئاهەنگێکی سازکرد بەبۆنەی ئەم جەژنە پیرۆزەوە.

### "جەژنی پرولیتاریا"

سەد ساڵ لەمەوبەر پرۆلیتاریا و خەڵکی زەحمەتکێشی لە پاریس هەڵسان بە ڕاپەڕینێکی چەکدارانە و "کۆمۆنەی پاریس"یان دامەزراند. ئەمەش یەکەم دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی پرولیتاریا بوو لە مێژووی ئادەمیزاددا و تاقیکردنەوەیەکی گرنگ بوو پرولیتاریا چۆن هەڵسا بۆ داماڵینی دام و دەزگای بورژوازییەت و دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ......

"کۆمۆنەی پاریس" شیرازەی سوپا و پۆلیسی میری و بورژوازی وکۆنەپەرستی تێکداو، گەلی خستە جێگای و چەکی دا بەدەستی چینی کارگەران و دام و دەزگای بیروکراسیەتی هەڵوەشاندە کە بورژوازییەت بۆ کاری ئەهێنا بۆ چەوساندنەوەی گەل. هەروەها حکومەتێکی تایبەتی بۆ چینی کارگەران دامەزراند و هەڵسان بە چەند چالاکییەک بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گەلی ڕەنجدەر و ڕێک وپێک کردنیان بۆ بەشداربوون لە کاروباری دەوڵەت لە جیاتی ئەقەلای دامەزراندنی فەرمانڕەوایەتی پرۆلیتاریا و پاراستنی. پاڵەوانانی کۆمۆنەی پاریس نموونەی گیانی شۆڕشگێڕی و لەخۆبوردن و ئازایەتی و قوربانیدانیان نواند و بوون بە جێگای شانازی گەلانی شۆڕشگێڕ. هەرچەندە کۆمۆنەی پاریس تێک چوو لە ئەنجامی ئەو هێرشە بەربەرییانە وکوشتن و بڕینە خوێناوییەی کە خوێن ڕێژ (تیێر) بەیارمەتی (بسمارك) پێی هەڵستان ......

شوێنەوارە مێژووییەکەی هەرگیز لەیاد ناچێت و هەروەکو مارکس ئەڵێت "ناسراو ئەبێتەوە بزووتنەوەی ١٨ی مارسی مەزن"

ئەوە بەهیوای شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی مەزن کە مرۆڤایەتی ئادەمیزاد هەتا هەتایە ڕزگاری چینایەتی ڕزگار دەکات، وەلەکاتێکدا چەرەدووکەڵی جەنگ ئاسمانی پاریسی گرتبوو کوشتن وکوشتار هەر بەردەوام بوو، مارکس نیشانی داوە کۆمۆنەی پاریس هەرچەندە تێک چووە، بەڵام بە تەنها خەبات کردن، کە مێژوو دوانە بڕێ، بیروباوەڕە ئەرەکانی کۆمۆنە هەرگیز لەناو ناچێ و جار لەدوای جار خۆی ئەنوێنێ و گوزارشت لەخۆی ئەکات تاوەکو بەیەکجاری چینی کارگەران ڕزگار ئەبێت. بەڵام ئەمێ ئەو بیروباوەڕە شۆڕشگێڕییانە و ئەو وانانەی کە (مارکس

ئەم وانانە ش بە کورتی ئەمانەن :

(هیچ کاتێک ناچێ چینی کارگەران ، تەنها بە دەست گرتنی بەسەر دام و دەزگای دەوڵەت هەڵبوەشێنێت بۆ ئامانجە تایبەتیەکانی خۆی وا ز بێنێت )

بەڵکو دەبێت پرۆلیتاریا دار و پەردی دام و دەزگای دەوڵەتی کۆن بە گوڕجی و چالاکی یەکی شۆڕشگێڕانە کارگوزاری دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا راماڵێ و تێکی بدات ، مارکس بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو باوڕەی ئەڵێ :- « گرنگترین مەرجی دیکتاتۆریەت ، مەرجی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا سوپای پرۆلیتاریایە و پێویستە چینی کارگەران مافی خۆی وەدەست بێنێ لە لاتی زاڵ بوونیدا لە مەیدانی جەنگ »

بە تەنیا پەسەند بەس نی ، بە هێزی چەکداری شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا ئەتوانێ دەسەڵات لە دەستی چینە کۆنە پەرستەکان دەربهێنێ و بویانە مێژوویی یەکەی بێنێتە دی و بیپەسپێنێ - مارکس ئەڵێ :- « دەوڵەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا پێویستە ڕێکخراوێکی پەرلەمانی نەبێت ، بەڵکو ڕێکخراوێکی کارگەرێکانە تەنفیذی و تەشریعی بێت لە یەک کاتدا » وە هەروەکو لینین ئەڵێ :-

لێرەدا گرنگترین بابەتێک ئەبینین لە بیروڕای مارکسیزمدا سەبارەت بە مەسەلەی دەوڵەت ئەویش دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە ،

مەسەلەی سوور بوون و بەردەوام بەکارهێنانی توند و تیژی شۆڕشگێڕانە و تێکدانی دەزگای دەوڵەتی بورژوازی بوو و دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا یا خود پاراستنی دام و دەزگای دەوڵەتی بورژوازی بوو و بەرهەڵستی کردنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لەم سەد ساڵەی ڕابردوودا کێشەیەکی بابەتی بەردەوام بووە لە نێوان مارکسیەت لە لایەک و ئاژاوەخوازەکان و لە ڕێ لادەرا و و هەڵگرانی بیروباوەڕی ووردە بورژوازیت و بورژوازیەکان بە هەموو جۆرێکیەوە لە لایەکی کەوە ، ئاوە ڕۆک کێشەیەکی بەردەوام بووە لە نێوان هەردوو بەرەدا . لە بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی جیهانی لەم سەدەیەدا چەرەکی یەدا ، مەسەلەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەتێکڕای لە ڕێ لادەرەکان (ریفیزیۆنیزم) هەر لە ئینتەرناسیۆنالی دووەمەوە تا وەکو ئێستا فێڵەتیان بە رابەری بەرەی مارکسیزم کردووە .

هێشتا سەد ساڵەی ڕابردوو لە بنەڕەتی کە بنیاتی مارکسیزم و تیۆرەکەی سەبارەت بە شۆڕشی پرۆلیتاریا و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ، تاقی کرایەوە بۆ یەکەم « ٤٦ » ساڵ دوای ڕاپەڕینی کۆمۆنەی پاریس پرۆلیتاریای ڕووسی بە رابەرایەتی ڤلادیمیر ئیلیچ لینین

کورەك

بەرەو گەشەپێدانی کۆمەڵەو پەکخستنی هێزە رزگاریخوازەکانی گەلەکەمان
لە پێناوی سەرکەوتنی شۆرشی رزگاری نیشتمانی کوردوستاندا

بۆ/ هەمو کەرت و پۆل و هانەکانی سنووری چالاکیمان

سلاوێکی شۆرشگێرانەی گەرم

هیوامان وایە هەردەم لە گەشەکردن و پێشکەوتن دابن لە خەباتی پیرۆزی گەلەکەمان •

هاوڕێیانی تێکۆشەر ـ ئەوە دەقی بڕیاری ناوەندی پەیڕەوتان ئاراستە دەکەین پێویستە هەموڵێك بەوردی رەچاوی بکەن و کاری بۆبکەن کەئەم بڕیارە مێژووییە سەرکەوێ و ناوشارەکانی کوردوستان و عیراق ببێتە هۆیەکی پێکەدادانی پێشمەرگەودوژمنانی گەلەکەمان هەتاکو رژێمی رەشنتارفاشی بەغدا لەعار ولەعاخ لەترسی رولە بەوەفاکانی گەلەکەمان سرەوتی نەبێ و شارەکانیش ببێتە مەیدانی جەنگ دژی رژێمی رەشتار فاشی بەغدا و لە خوێنرێژان و جلکاوخۆرەکانی پاك بکرێتەوە •

بۆ پێشەوە رووەوسەرکەوتن" پێکهراوی سلێمانی
١٨ / ٦ / ١٩٨٣

دەقی بڕیارەکە

لەپێناوی پێکهێنانی ناوکی هێزی پێشمەرگەی ناوشـار

هاوڕێیان ــ لەپێناوی پێکەوەگرێدانی خەباتی پارتیزانی شاخ و خەباتی پارتیزانی لەشارەکاندا وەدەست پێکردنی تونایەکی نوێی چەکدارانەلە شارەکانی عیراقدا بەگشتی و لە کوردوستاندا بەتایبەتی بەجۆرێکی ئەوتۆ کە ئورسایەکی سەرباری لەسەر رژێم دروست بکات و شارەکانیش ببێتە مەیدانی جەنگ و پێکادانی پێشمەرگەو دوژمن: •• بۆ ئەو مەبەستە بڕیارماندا ــ

١ـ لەهەمو شارێکدا وەکو( سلێمانی • کرکوك • هەولێر • دهوك • خانەقین و شارە گەورەکان لەکوردوستاندا ) وەلەشارەگرنگەکانی عیراقدا وەکو(موسڵ•بەغدا •بەسرا ) چەندمەفرەزەی بچوك بچوك مەفرەزەی پێشمەرگە دروستبکرێ

٢ـ ئەو مەفرەزانە ئەبێ لەیەکتر جیاوازبن و یەکتر نەناسن و هەریەکەیان سەربەخۆکار بکەن •

٣ـ ئەومەفرەزانەراستەوخۆ ئەبەسترێن بەناوەندەوە یان لەلایەن ناوەندەوە ئاراستەو سەرپەرشتی دەکرێن •

٤ـ هەمو پێویستیەکانی کاری پێشمەرگەیی لەلایەن ناوەندەوە ئەدرێتێ ئەکری چەك • تەقەمەنی • تەدریب عیبارە مەعلومات لەسەر جۆری چالاکی •

٥ـ هەمو مەفرەزەیەك و مەفرەزەکانی هەرشارێك بەگوێرەی پێویستیەکانی خەبات و هەلومەرجی ئەوی ئیش و ئەرکەکانیان بۆ دیاری دەکرێ •

٦ـ مەرجەکانی وەرگرتن بە پێشمەرگەی ناوشـار ـ

ء)هەمرکوردێکی دلسۆزئەتوانی ببێتە پێشمەرگەئەگەرئەندامی بێ یا ئەندامی ئەبێ بەمەرجێ یەکێکبێ وا بیکرا وبناسر

ب) ئازرەت بێ یا پیاو هەقی بەشدار بونی هەیە •

ج) کارو پیشەی هەرچیەك بێ ( ئەمانیەرە دوکاندار • فوتابی • کرێکار •••• ) گرنگ نیە • پێویستە بۆ ئەوە گومانی لێ نەکرێ لەسەر ئیشەکەی خۆی بمێنێتەوە •

د)ئەبێ ئازابێ یەك موبیاری سیاسی هەبێت ئەبەرخۆراگری و نهێنی پارێزبێ و ئامادەی قوربانی دان بێ •

هـ) ئامادەی جێ بەجێ کردنی ئەوفرمانانە بێت کە لەسەرو خۆیەوە بۆی دیاری دەکرێ •

و) بۆ شاردنەوەیا راستنی پاش موافەقەی ناوەندی ئەتوانێ خۆی تێهەلکێشی یەکێك لەدەزگاکانی رژێم بکات •

ز) هەر هاوڕێیەك بەشداری ئەم لەشکرەبکات لە رێکخستن دائەبڕێ •

بەم بۆنەیەوە بەشداربونی رێکخستن رادەگەیەنین کەناوەند هەوڵ ئەدا بۆ پێكهێنانی ناوکی هێزی پێشمەرگەی ناوشـار بۆیە هەرکەسێك ئامادەبێ بەشداربونی تیدایە پێویستە نامەیەك راستەوخۆ بنێری بۆ ـــ ناوەندی و ئەم زانیاریانەی تیا روون بکاتەوە ••••

١)ناوی نهێنی خۆی ٢) تەمەنی ٣) ئەو پیشانەی ئەیزانی وەکو( لێخوڕینی ئوتومبیل ماتور ماسکیل )ــــ

٥) وەزعی مادی خۆی ٦) سەربازی • پۆلیسی کردوە؟ ٧) پێشتر پێشمەرگایەتی کردوە ٨) پێویستە ئەوشانەو پۆل وکەرتە دیاری بکات تاکو ناوەندی بتوانی جوابی لی بگیرێتەوەوپەیوەندی لەگەل بکات •••

لەکوتاییدا هیواداریین لەسەرا نسەری رێکخستن دا زۆر بەجدی و بەپەروشەوە بکەونە جێ بەجێ کردنو درزینەو ی کسانی چاك و ئازا و دلسۆز بۆ پێکهێنانی ئەو هێزە مەزنە •

بۆ پێشەوە رووەو سەرکەوتن

ناوەنـــدی کۆمەلـــە

لەسەر ئەم تەعمیمە وەرگیرام و پەیوەندیم کرد بە لیژنەی پێشمەرگەی ناوشارەوە لە بەرواری ١٩٨٣/٦/١٨

# ڕەخنــــەو ڕەخنــــە لە خـــۆ گـــــرتـــن

یەکێک لەو مەسەلە گرنگەکانی حزب ، مەسەلەی ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆ گرتنە ، کە حیزبی پێشڕەوی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان ئەبێت هەم لە ژیانی ناوەوەی خۆیدا وە هەم لە پەیوەندیەکانی دا لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵکیدا پەیڕەوی بکات . ڕاستە بەکارهێنانی چۆنی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆ گرتن پێوانەیەکی گرنگی جیاکردنەوە حزبێکە کە تەلاری ڕێکخراوەیی و ئایدولوجی و سیاسی بەپێی جیهان بینی پێشڕەو دامەزرابێت لە حزبەکانی تر . ڕەخنە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی کار ، هەڵوێست ، سیاسەت و بیروڕای کەس ، دەستە ، ڕێکخراو یا حزبێکی سیاسی لە دۆزینەوەی چەوتی و نا دروستیەکانی یە نیازی چارە کردن و ڕاستکردنەوەی .
ڕەخنە ئەگونجی ئەندامی داو دەزگایەکی سیاسی لە خۆی بگرێت ، کاتێک کە تووشی هەڵەیەک ئەبێت ، ئەگونجی لە مەقالەکی خۆی بگری کە سەر بەرێکخستنەکەیەتی ، ئەگونجی لەو دا و دەزگایەی بگری کە ئەندامەکە تێدا یەتی . هەروەها ڕەخنە ئەگونجی دا و دەزگایەکی سیاسی لە خۆی بگری کە تووشی هەڵەو چەوتی و لادان ئەبی لە هەڵوێست ، کار ، سیاسەت ، یا هەڵسەنگاندنێک دا .
هەر کەسێک کار بکات و بجولێت و چالاکی بنوێنێت ، ڕەنگە هەڵە بکات و تووشی چەوتی ببێت ، هەر ڕێکخراو دەستەو حزبێکیش خەبات بکات ، ڕەنگە تووشی چەوتی و کاری نا دروست ببێت . کاتی خۆی کە مەلا تەنها دەستەی ڕوشنبیری کۆمەڵی کورد بون ، کورد تەنانەت لە بارەی ئەوانیشەوە گتویەتی ، " مەلاش غەلەت ئەکـــات "
هەڵەو چەوتی و کاری نا دروست ، تا وداندوەی ناکۆکی و ناریکی یەکانی ناو کۆمەڵ ، ئالوزی باریژیان و ، تێکەڵ و پێکەڵی ڕووداوەکان و ، ئەنجامی باش تێنەگەیشتن و باش هەڵنەسەنگاندنی هەلومەرجی کارەکەیە . هەر تەنها ئەوانە تووشی هەڵەو چەوتی نابن کە کار ناکەن ، خەبات ناکەن و ناجولێن و چالاکی نانوێنن .
تا کارو جوڵان هەبێ ، هەڵەو چەوتیش ئەبێ ، لەبەر ئەوە ڕەخنەش پێویست ئەبێ .
ڕەخنە لێگیران و ڕەخنە لی گرتن ، شێوەیەکی دیموکراتیانەو ڕێگەیەکی هاوڕێیانەی چارەسەرکردنی نـــا کۆکیەکانی ناو ڕێکخستنەکە کە لە ئەنجامی کار کردن و تاوداندوەی ناکۆکیەکانی نێوان چینەکان ، کۆن و نوێ ، باش و خراپ ، ڕاست و چەوت ، چالاک و تەوەزەل ، بیروڕای ••• پەیدا ئەبێ .
لەوانەیە ڕەخنە بەکار بهێنرێت بۆ پەلاماردان و شکاندن و سوک کردنی یەکێکی کە ، یاخود هەیبەتی ڕێکخراوێکی کە ، یاخود بۆ تۆلە لێکردنەوەی لە سەر ڕەخنەیەکی کە پێشتر لیی گیراوە ، بەلام ئەمـــە بەڕەخنە لەقەلەم نادرێ . ڕەخنە جیایە لە گەڵ هێرش بردن و پەلامار بە نیازی شکاندن و ڕیســـواکردن - مەبەست لە ڕەخنە چارە کردنە ، دۆزینەوەی دەردە بە نیازی دۆزینەوەی دەرمان و چارەکردن نەک بـــە نیازی کوشتن ، بەنیازی باش کردن و ڕاست کردنەوەی هەڵەو چەوتی ، بە نیازی بتەو کردنی ڕیزەکانی ڕێکخستن ، هێنانە دی هاو بیری ، هاوناری ، هاو ویستی ، بە نیازی دەرس لی فێربون و پەند لی وەرگرتن بە نیازی وەرگرتنی " عەقل " لە هەر " خەسارێک " دوە ؟
پیاو لە ڕەخنە گرتندا ئەبێ خۆی دوور بخاتەوە لە خۆپەیەتی و بابەتی بێت ، ئەبێ هەر کارە بباتەوە زەمان و زەمینی خۆی و لە هەل و مەرجی خۆیدا لایەنە باش و خراپەکانی هەڵسەنگێنی و لایەنە باشەکانی ببینێتە بەر چاو و لایەنە خراپەکانی شی لە هەڵوێستێکی زانستی دوور لە ناتیقەوە دیاری بکات ، لە خۆی پەیدا ... بون و ڕوداوی بدوێتەوە و ڕێگەی چارەکردن و ڕاستکردنەوەی بدۆزێتەوە ، نابی بڕوانێتە یەک لای کارەکەو لاکانی تری بخاتە پشت گوێ .
ڕەخنە لە خۆگرتن و دانان بە هەڵەداو ، گەڕانەوە لە هەڵەو هەوڵدان بۆ خۆ چارەکردنیشیانەی خۆ پەروەردەکردنی ئایدولوجی ڕاستە یە گیانی لەخۆ بران و گەڵ بە ئازادی ڕاستە قینە زانین و خۆش ویستنی گەڵ و حیزب لە خۆ زیاتر ، نیشانەی تۆرینی هۆشیارانەیە لە ڕوانگەی جیهانبینی چینە زۆر لــێ کراوەکانەوە .
ئەوانەی بەلایانەوە شەرم و سوکایەتییە ، دان بە هەڵەکانی خۆیاندا بنێن و وا بزانن ئەوان لـــە سەرو هەڵە کردن و لەسەرو ڕەخنە لی گیرانەوەن ، چەند دلسۆزو تێکۆشەر بن هێشتا پاشماوەی بیروباوەڕو ئایدولوجی چینە چەوسێنەرەوەکانیان لە مێشکدا ماوەو لە ڕوانگەی جیهانبینی چینە زۆر دارەکانەوە ئەڕوانن شت .

ڕەخنە ، لە خۆ گرتن " پێشینانیش گوتویانە " دەرزییەك بکە بە خۆتا ، ئینجا شوژنێك بکە بە خەڵکی تردا " .
تێکۆشەری شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە ، خەبات بۆ گەلەکەی ئەکات ، جگە لە تازانی گەلەکەی هیچ دەسکەوتێکی تایبەتی خۆی نەماوە ، هەروەها هەوڵ و خەباتی حزبی پێشڕەویش بۆ خزمەتی کۆمەلانی خەڵکە نەك بۆ چەند کەس و تاقمێکی بچوك ، بۆیە هەر کە بەهەڵە چون لەبارێ پەشان نادەن و کە لە ڕەخنە نانوێنن دان بە هەڵـە کاتی خۆیاندا ئەنوێن و هەوڵی ڕاستکردنەوەو چارە سەرکردنیان ئەدەن قسەیەکی گەورە ئەڵێ " دۆست ئەوەیە ئەم گریێنێت دوژمن ئەوەیە پێم پێ ئەکەنێ " ، واتە دۆست ئەوەیە بەو بەری ڕاست گوێیەوە دەست ئەخاتە سەر هەڵەو چەوتییەکانم ، چاو پۆشیم لێ ناکات ، هوشیارم ئەکاتەوە ، کەکارێکی خراپم کرد گلەیم لێ ئە کات ، بەگژما دێت و ڕەخنەم لێ ئەگرێت ، بەڵام دوژمن پێی خۆشە بەهەڵە بچم ، بێ دەنگ ئەبێت لە چەوتی و کارە خراپەکانم چاو لە کردەوە نادروستەکانم ئەنوقێنێت بۆ ئەوەی لە بەرچاوی خەڵکی سوك ببم و ببمە گاڵتە چی ، هەم خۆی و هەم خەڵکی کە پێم پێ بکەنن .

تێکۆشەرانی دڵسۆز ، ڕەخنە گرتن لە هەڵەو چەوتییەکانی خۆیان و هەڤاڵەکانیان و حزبەکەیان ، وەحزبی پێشڕەویش ڕەخنە گرتن لە هەڵەو چەوتییەکانی سیاسەت و هەڵوێست و بەرنامەکەی خۆی و ڕەفتاری ئەندامەکانی ... نەك هەر بەمافی خۆیان بەڵکو بە ئەرکێکی پێویستی سەر شانی خۆیان ئەزانن .

نەخۆش پێش ئەوەی نەخۆشییەکەی لێ پەیدا بکات ، برینێك پێش ئەوەی برینەکەی کون ببێت و تەشەنە بکات ، ئەبێ دانی پێدا بنێن و هەوڵی دۆزینەوەی هۆکانی و دەرمان کردنی بدەن .
هەڵەو چەوتی و نادروستیش ، بەر لەوەی کون ببێت و مەترسی زیان بە خێنی زیا ببێت و پەرە بسێنێت ئەبێ دەست نیشان بکرێت ، لە کاتی خۆیدا لێی بکۆڵرێتەوە ، ڕەخنەی لێ بگیرێ و دەست بەجێ ڕاست بکرێتەوە .

هەندێ جار پشت گوێ خستن و ڕاست نەکردنەوەی دەستەو بردی هەندێ هەڵەی سیاسی ، تەنزیمی ، یا پێشمەرگەیی ، هەندێ کەس ڕەنگە زیانی چەندین تێکۆشەر ، یاخود زیانی حزبێك ، یاخود بزوتنەوەیەك بخاتـە مەترسی و کایەی یاری پێ کردنی ... و ... لەبەر ئەوە ئەبێ ڕەخنە لە کاتی خۆیدا بگیرێ نەك ببێتە " کەبەنەکی پاش باران " .

ڕەخنە بۆ ئەوەی کاریگەر بێت ، بۆ ئەوەی سودی هەبێت ئەبێ لە شوێنی خۆیدا بگیرێت ، ئەو هەل و مەرجەی هەڵەکەی تیدا بووە ، چەشنی ڕەخنەکە ، سیاسی ، تەنزیمی ، فکری ، عەسکەری یە ، گەورەو زیانبەخشـە یاخود شتی شەخسی و کەم بایەخە ؟ ... شوێنەکەی بڕیار ئەدەن ، بەو پێیە ڕەخنە ئەگونجێ لە سنورێکی تەسك دا وەکو لە چوار چێوەی ڕێکخستن دا لە ناو کۆمیتەو ڕێکخراوەکاندا ، لە شانەدا یاخود بەدەم ، یا بەنووسین ، بە ئاشکرا یاخود بەنهێنی بگیرێت ئەگونجێ لە سنورێکی فراواندا لە بڵاوکراوەدا وبـە ئاشکرا بنوسرێ بۆ سەرانسەری ڕێکخستن و هەندێ جار بۆ خەڵکیش بڵاوبکرێتەوە . ئەگونجێ لە ڕۆژنامەی دیواری دا بە هۆی نوکتەو کاریکاتورەوە هۆکانی تری ڕاگەیاندن بڵاوبکرێتەوە .
بەڵام لە هەموو کاتێکدا ، ئەبێ ڕەخنە لە شوێنێکا کە خزمەتی بەهێز کردن و بتەوکردنی ڕێکخستـنو ڕاست کردنەوەی هەڵەو چەوتی بکات ، نەك ببێتە هۆی تێکچونی شیرازەی ڕێکخستن و پەیدا بونی ئاژاوەو پەڕەی فکری و ڕاڕایی و دوو دڵی کەم باوەڕی ...

لەســـەر ئـــەرکـــی
کـــەرتـــی ڕێکخســـتنی بازیـــان
لـــە چاپ دراوەتـــــــەوە

١٩٨٣/٦/١٨

تێبینی :- ئەم بابەتە لە وەرزنامەی ( کۆمەڵە ) وە ، وەرگیراوە .

ڕەخنە، لە خۆ گرتن " پێغەمبەر گوتویانە " دەرزیەك بکە بە خۆتا ، ئینجا شوژنێك بکە بە خەڵکی تردا " .
تێکۆشەری شۆڕشگێری ڕاستەقینە ، هەڵەکات بۆ گەلەکەی ئەکات ، جگە لە تازانی گەلەکەی هیچ دەسکەوتێکی تایبەتی خۆی نەماوە ، هەروەها هەوڵ و خەباتی حزبی پێشڕەویش بۆ خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکە نەك بۆ چەند کەس و تاقمێکی بچوك ، بۆیە هەر کە بەهەڵە چوون لاناری پیشان نادەن و کەلەڕەقی نانوێنن دان بە هەڵە

کاتی خۆیاندا ئەنوێنن و هەوڵی ڕاستکردنەوەو چارە سەرکردنیان ئەدەن قسەیەکی کوردی ئەڵی " دوست ئەوەیە ئەم گریێنێت دوژمن ئەوەیە بێم بێ ئەکەنی " واتە دوست ئەوەیە بەو بەری ڕاست گۆییەوە دەست ئەخاتە سەر هەڵەو چەوتیەکانم ، چاو پۆشیم لێ ناکات ، هوشیارم ئەکاتەوە ، کەکارێکی خراپم کرد گلەیم لێ ئەکات ، بەگومان دیت و ڕەخنەم لێ ئەگرێت ، بەڵام دوژمن پێی خۆشە بەهەڵە بچم ، بێ دەنگ ئەبێت لە چەوتی و کارە خراپەکانم چاو لە کردەوە نادروستەکانم ئەنوقێنێت بۆ ئەوەی لە بەرچاوی خەڵکی سوك ببم و ببمە گاڵتە چی ، هەم خۆی و هەم خەڵکی کە پێم پێ بکەنن .
تێکۆشەرانی دڵسۆز ، ڕەخنە گرتن لە هەڵەو چەوتیەکانی خۆیان و هەڵەکانیان و حزبەکەیان ، وەحزبی پێشڕەویش ڕەخنە گرتن لەهەڵەو چەوتیەکانی سیاسەت و هەڵوێست و بەرنامەکەی خۆی و ڕەفتاری ئەندامەکانی ... نەك هەر بەمافی خۆیان بەڵکو بە ئەرکێکی پێویستی سەرشانی خۆیان ئەزانن .
نەخۆش پێش ئەوەی نەخۆشیەکەی لێ پەیدا بکات ، برینداریش پێش ئەوەی برینەکەی کۆن ببێت و تەشەنە بکات ، ئەبێ داتی پێدا بنێن و هەوڵی دۆزینەوەی هۆکانی و دەرمان کردنی بدەن .
هەڵەو چەوتی و نادروستیش ، بەر لەوەی کۆن ببێت و بەترسی زیان بەخشینی زیا ببێت و پەرە بسێنێت ئەبێ دەست نیشان بکرێت ، لە کاتی خۆیدا لێی بکۆڵرێتەوە ، ڕەخنەی لێ بگیرێ و دەست بەجێ ڕاست بکرێتەوە .
هەندێ جار پشت گوێ خستن و ڕاست نەکردنەوەی دەستەو بڕێ هەندێ هەڵەی سیاسی ، تەنزیمی ، یا پێشمەرگەیی ، هەندێ کەس ڕەنگە زیانی چەندین تێکۆشەر ، یاخود زیانی حزبێك ، یاخود بزوتنەوەیەك بخاتە مەترسی و کایەی یاری بێ کردنی دان و ... لەبەر ئەوە ئەبێ ڕەخنە لە کاتی خۆیدا بگیرێ نەك ببێتە " کەبەنەکی پاش باران " .
ڕەخنە بۆ ئەوەی کاریگەر بێت ، بۆ ئەوەی سودی هەبێت ئەبێ لە شوێنی خۆیدا بگیرێت ، ئەو هەل و مەرجەی هەڵەکەی تیدا بووە ، چەشنی ڕەخنەکە ، سیاسی ، تەنزیمی ، فکری ، عەسکەری یە ، گەورەو زیان بەخشە یاخود شتی شەخسی و کەم بایەخە ؟ ... شوێنەکەی بریار ئەدەن ، بەو پێیە ڕەخنە ئەگونجێ لە سنورێکی تەسکدا وەکو لە چوار چێوەی ڕێکخستندا لە ناو کۆمیتەو ڕێکخراوەکاندا ، لە شانەدا یاخود بەدەم ، یا بەنوسین ، بە ئاشکرا یاخود بەنهێنی بگیرێت ئەگونجێ لە سنورێکی فراواندا لە بلاوکراوەدا وبە ئاشکرا بنوسرێ بۆ سەرانسەری ڕێکخستن و هەندێ جار بۆ خەڵکیش بلاوبکرێتەوە . ئەگونجێ لە ڕوژنامەی دیواریدا بە هۆی نوکتەو کاریکاتورەوە هۆکانی تری ڕاگەیاندن بلاوبکرێتەوە .
بەڵام لە هەموو کاتێکدا ، ئەبێ ڕەخنە لە شوێنێکا کە خزمەتی بەهێز کردن و بتەوکردنی ڕێکخستن و ڕاستکردنەوەی هەڵەو چەوتی بکات ، نەك ببێتە هۆی تێك چوونی شیرازەی ڕێکخستن و پەیدا بونی ئاژاوەو پەرەی فکری و ڕاڕایی و دوو دڵی کەم باوەری ...

لەسەر ئەرکی
کەرتی ڕێکخستنی بازیان
لە چاپ دراوەتەوە
١٩٨٣/٦/١٨

تێبینی:- ئەم بابەتە لە وەرزنامەی (کزەوڵە)وە ، وەرگیراوە .

# بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

## دەربارەی ئەو شەڕانەی لە کوردستاندا هەڵگیرساون .

گەلی عێراقی قارەمـــــان
هێزە نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازەکان
جەماوەری تێکۆشەری کوردستان :

نیشتمانە خۆشەویستەکەمان ئێستا کەوتۆتە بەرشاڵاوی بەرفراوانی شەڕان ماڵوێرانیـــەوە کارەساتی ئەو شەڕە وێرانکەرەی لەگەڵ خۆی دا هێناوە کە صدام تکریتی دکتاتۆر بۆ ئەنجـــام دانی پیلانێکی کۆنە پەرستانەی دوژمنکارانە بۆ خزمەت کردنی ئیمپریالیزم و زایۆنیـــزم و کۆنە پەرستانی عەرەب هەڵگیرساندوە . ئەو جەنگە بەردەوامەی نێوان دوو رژێمە بۆرژوا کۆنـە پەرستەکەی ئێران و عێراق ئەوا جەماوەری گەلانی عەرەب و کوردو فارس و ئازەری بە ئاگـــری خۆی سوتاندووە ، لە جەنگی نێوان چینە زۆردارە چەوسێنەرەکان بەولاوە هیچی ترنیە ، ئەوەش بـۆ زیاد کردنی تەمەنی حوکمی خۆیان و فراوان کردنی ناوچەی دەسەڵاتیان و زیاتر پەل هاویشتنیانە دژ بە ویستی ئەو گەلانەی تینوی ئاشتی و برایەتی و بوژانەوەن ، بە پێچەوانەی ویستیان بـــۆ مومارەسەکردنی مافە دیموکراتی و نەتەوەییەکانی خۆیان .

ئەو جەنگە ناوانباری بە ئابووری نیشتمانی وێران کردوە ، هێزی مرۆیی بێ پایان و چـەك و پارەو وزەو توانای وولاتی بە فیرۆ و تەفروتوونا کردن دا ، کە لە ئەنجامی ئەو گرانـــی و هەژاری و بێ کاری پەیدابوو ، لە ئەنجامی لە کارکەوتنی پرۆژەکانی بوژانەوەو وێران و دەربەدەر و کۆچ پێ کردنی هەزاران کەس ، ماڵوێرانی و مەینەتی لەگەڵ خۆی دا هێنا ، هەروەك چـۆن بـارو دۆخی بۆ پیلانی ئیمپریالیستی و زایۆنی و کۆنە پەرستی گونجاو کرد تا دەسەڵاتی ئیمپریالیزم بە گشتی و هی ئەمریکا بە تایبەتی بۆ رۆژ هەڵاتی ناوەڕاست بکەرێتەوە بە جۆری کە هەرەشە لە ئاسایشی گەلان و ئاشتی جیهانیش دەکات .

تاقمە بۆرژوا بیرۆکراتییە عەرەبی بە دەسەڵاتدارەکەی عێراق – لە سەرووشیەوە تاقمـــی عەفلەقی فاشی – وزەی سەربازی و مادی و مرۆڤی و سامانی گەل و هێزوبڕەکـەی لـــە جەنگێکی زۆر نادادانەی چەپەڵ دا بە فیرۆ داوە ، جەماوەری گەلی بە قوڕگی دا کردوە ، تاوەکـــو بەتایبەتیەوە بموتێ و بە ماڵوێرانی یەکەیەوە بناڵێ و نیشتمانی تووشی مەترسیەکی راستـەو خۆی ئەوتۆ کردووە کە هەرەشە لە سەربەخۆیی و یەکیەتی نیشتمان و تەواوەی وولات دەکات .

ئەو مەترسیەش داگیرکردنی ئێرانی و چەسپاندنی حوکمێکی دکتاتۆری ترە لە بەرگێکـــی ئاینی دا کە سەرتاپای لە کۆنە پەرستیدا نقووم بووە ، کە ئەوەش دژ بە مافی گەلی عێراقمانـە لە حوکمرانی خۆیی و دژ بە مافی نەتەوەی کوردیە لە دیاری کردنی چارەنوسی خۆی داو دژ بـە ئاواتەکانی جەماوەری رەنجدەرە بەرەو دیموکراسی گەلی ئینجاش سۆشیالیزم . هەموو ئەوانـە بوونە هۆی ئەوەی زەمینەی دەستدرێژی زایۆنی بۆسەر بەرگری فەلەستینی و بزوتنەوەی نیشتمانی پێشکەوتنخوازی لە لوبنان و بۆ پاکتاوی سادات خۆش بکـــرێ ، کە ئەوەش نیشانەی خیانـــەت بوو لە نەتەوەی عەرەب و مل کەچ کردن بوو بۆ ئیمپریالیزم و زایۆنیەکان و جێگیر کردنـــی رژێمە عەرەبیە بە کرێ گیراوەکان . ئەمەش دوای ئەوەی عێراقی لە کاروانی رزگاریخـــوازی عەرەبی وەدەرخست و نەتەوەی عەرەبیشی لە توانای دەسەڵاتی مەزنی خۆی کرد .

لەم رۆژانەدا شەڕی توند لە کوردستان دا هەیە بەدوو پارچەی ئێران و عیراقی یەوە لـــە نێوان هێزەکانی ئێران و عێراق دا کە ئەوانیش لە ناو ریزەکانیانا ، هێزی بەکرێ گیراوی کورد لە جاشی ئاشکراو جاشی بە پەچەدا پۆشراو هەن لە لایەنەکانی بەرەی تراژێنەری ( جود )، ئـەو جودەی کە بە ناردنی هێزە چەکداریەکانی بۆ ناو ریزەکانی هێزی چەکداری ئێرانی داگیرکـەر بە ناوی (( رەزمەندەکانی موسوڵمانی عێراقی )) بەوە خلیسکاونەتە ناو زەلکاوی خیانەتـــی نیشتمانییەوە ، کە ئەمەش بەیاننامە سەربازییەکەی ئێرانی دەیسەلمێنی کە لە ژمارە ( ١٣٩٠ ) ی ١٩٨٣/٧/٢٣ دەرچـــوو .

ئەو شەڕە قورسانەی لە کوردستان دا بەرپا بوون بە هان دان و بەشداری چەکدارەکانی ( جود ) کەوا بە ئەوانەی تەریان خست چەکداری شۆڕشی چەواشەن ، بوونەتە هۆی مەینەتـــی و ماڵوێرانی بۆ جەماوەری کوردستان لە کوشتن و دەربەدەر کردنی دانیشتوانی بێ دیفـــاع و وێران کردنی گوندو شارۆچکەکان و سوتاندنی کێڵگەو تەلاچۆ کردنی مەڕو ماڵات و چۆڵ کردنـــی ناوچەکانی سەرسنوور لە دانیشتوان هێزە پێشمەرگەکان لە هەردوو لاوە تاوان و کارەساتـــی

(١)

ترسناکیان دەرهەق بە دانیشتوانی بێ دەسەلات کردووە . چەکدارەکانی شۆڕشی چەواشەی سەر بە (جود) بە گشتی و چەکدارەکانی بارزانی قاتڵ بووە وە لە خیانەت و کوێ گرتەیی پیا بەستاییەتی، هاوبەشی سووتاندنی گوندو تالان کردنی شمەکی جوتیاران دەکەن لە هەردوو دیوی سنووری لە کوردستان دا بە ئاشکراو بە ڕۆژی ڕووناك و لە پێش چاوی خەڵکی ناوچەکەدا، دەیەیان هاونیشتمانییان کوشتووەو چەندین گوندیان تالان کردووە . بەم تاوانانەش سروشتی خیانەت و تاوانکارانەی خۆیان جارێکی تر دەسەلمێننەوە .

ئەگەر چەکدارەکانی بارزانی خائن، کرێ گرتەیی و سیخوڕی و دەست تێکەڵاو کردن لەگەڵ دوژمنە سەرسەختەکانی نەتەوەی کورد و گەلی عێراقیان کردبێ بە پیشەو، وەك هێزێکی چەکداری بەکرێ گیراو، ئاوێ بۆ شای ئێران و دوایش بۆ حوکمی جمهوری دوای خۆی جاشایەتیان کردبێ دژی شۆڕشی کوردستان لە ئێران و عێراق دا، ئەوا ڕاکێش کردنی باقی لایەنەکانی ((جود)) بە دوای خۆی دا، سەلماندنی ئەوا ئەو هەوڵانەی سەرکردایەتی حزبی شیوعی بانگی بۆ دەدا گوایە بۆ ((خۆش نیشتمان پەروەری کردنیان)) و ڕاکێش کردنیان بۆ ریزی نیشتمانی سەرنەکەوت، بەڵکو ئەو تاقمە ریفۆرمستە ئینتیهازییە خائنەی ناو لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی، خۆی تووشی خیانەتی نیشتمانی هات، بەوەی کە چەکدارەکانی خۆی خستە پاڵ ((ڕەزمەندگانی موسوڵمانی عێراقی)) لە ناو ریزی هێزەکانی ئێرانی داگیرکەری خاکی نیشتمان دا . بەمەش دروشمە نیشتمانی بە بنەڕەتییەکەی بزووتنەوەی نیشتمانی پێشکەوتنخوازی عێراقی خستە ژێر پێی خۆی کە داوای سەربەخۆیی بۆ عێراق و دیموکراسی بۆ گەلەکەی و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستانی عێراق دەکا، هەروەها ناوەڕۆکەکەی پشتگوێ خست هەروەك چۆن لە ماوەی سالانی هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی عەفلەقیدا فاشییەکان پشت گوێیان خستبووەوە بە هاوبەشی کردنی وەزیرە شیوعییەکانی لە حوکمی بۆرژوا بیروکراتی دژ بە چینی کرێکارو جوتیارو رەنجدەران و باقی کارگەرانی تر، ئەری قەلاچۆ کردنی میللەتی کوردو سیاسەتی بە عەرەب کردنی کوردستانی بەرپا کرد بە نیازی گۆڕینی ڕوخساری نەتەوەیی و هاوبەشی ویران کردنی زیاتر لە ١٢٤٧ گوندی کوردەواری و گواستنەوەی سەدان هەزار لە جوتیارانیان کرد .

ئەمە بەخۆی شیری هەتا پیری و شەرمەزارییان خۆیان هەڵدایە باوەشی ئالاو هێنەرانی سەر خاکی نیشتمان و دەستیان خستە ناو دەستی سیخوڕەکانی ساڤاك و مۆسادو موخابەراتی مەرکەزی ئەمریکییەوە، بۆ سەرکردنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و داگیرکردنەوەی ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان و ڕێگا خۆش کردن بۆ داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئێرانەوە .

هەرچەندە داگیرکردنی نیشتمان لەلایەن ئێرانەوە ـ ئەشانەت لە حاڵەتی سەرکەوتنیشی دا ـ تاقمی سەرکردایەتی حزبی تودەی دەستە برای (حشع) لە نۆکەرایەتی ڕژێمی ئێرانی و دژایەتی شۆڕشی کورد لە ئێران داو باقی هێزە پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕەکانی تری ئێران جی پێ بێ، ئەوا تاقمە ریفۆرمستە ئینتیهازی بە خائنەکەی (حشع) یش هەر ئەو شەنەی پێ دەبڕێ لە نۆکەرایەتییەدا بۆ ڕژێمی ئێرانی .

هەڵخڵیسکانی سەرکردایەتییەکانی ((جود)) بۆ ناو زەلکاوی خیانەتی نیشتمانی بە تەرخان کردنی هێزەکانیان دژی شۆڕشی کوردو هێزە شۆڕشگێڕە کۆمۆنیستەکان و بەکرێ دانی هێزەکانی شۆڕشی چەواشە بە هێزە ئالاو هێنەرەکانی سەر خاکی نیشتمان بە نیازی گۆڕینی دکتاتۆرییەتی عەفلەقی فاشی بە دکتاتۆرییەتێکی کۆنە پەرستی تر لە عێراق دا، هەموو ئەوانە ڕێبەرەوی ئازێنەری ((جود)) ی، بە ئەوەوی ئاشکرا کرد، کە دوای دەرچوونی دووقۆڵییان لە (جوقد) و بەرز کردنەوەی دروشمی بریقەدار کەوتنە تێکدانی بزووتنەوەی نیشتمانی پێشکەوتنخوازی عێراقی و شۆڕشی عێراقی کە لە کوردستانەوە سەری هەڵداوە، وا ئێستا ئەو دروشمانە بەرازی بوونیان بۆ تەرخان کردنی هێزەکانیان وەك جەنگاوەری موسوڵمانی عێراقی هەلاهەلا بوون . دەرچوونی ((حشع)) لە بەرەی نیشتمانی عێراقی فراوان ـ کە ١٩ لایەنی عێراقی تێدا بوو ـ خزمەتی ڕژێمی بۆرژوا بیروکراتی دژ بە گەلی کوردو ئەرکی چەواشە کردن و پڕوپاگەندەی تاقمە عەفلەقییە خائنەکەی ئاسان کرد ئەو تاقمەی کە خیانەتی دەرهەق بە گەل و نیشتمان کرد بە هەڵگیرساندنی جەنگ لەلایەکەوەو بە هێنانەکایەی زەمینەیەکی لەبار بە نەخۆشی چپی وەك خیانەت و تێ شکان و گوێ نەدانە نیشتمان لەلایەکی ترەوە . ئەمە سەرەڕای سیاسەتی فاشیانەی دژ بە بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی عێراق، کە لایەنە عەرەبییەکانی بە جۆرێك تێکشکاندووە کە ناهێڵی بە ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی خۆیان هەڵبستن . هەروەها سەرەڕای سیاسەتی شۆڤینی دژ بە گەلی کورد کە هەڕەشە لە بوون و ڕوخساری نەتەوەی کوردستان دەکا بۆ لە ناو بردنی بزووتنەوە ڕزگاری خوازەکەی، بە جۆرێ دوژمنایەتی و ڕق و کینەی ئەوتۆی لە دڵی جەماوەری گەل دا دژ بە ڕژێمی عەفلەقی دکتاتۆر پەیدا کردووە کە نیشتمانەکەی ژێر چەپۆکی لێ کردوون بە دۆزەخێك بۆ جەماوەری گەل تێیدا ئۆقرە نەکا . هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی کەمتەرخەمی بەرامبەر بە نیشتمان و چاندنی هیوا و ئامانجی ناڕەوا لە ناو دەروون دا بۆ ڕزگار بوون لەم ڕژێمە هەر چۆنێك بێت، هەتا ئەگەر لەسەر دەستی دوژمنە سەرسەختەکانیش دابێت . هەروەها ویران کردنی دێهاتە کوردییەکانی سەر سنوور و ڕاگواستنی جوتیارەکانی ئەو ناوچانەو چۆڵ کردنیان بووە هۆی ئاسان کردنی ئەرکی دوژمنکارانەو دژەیان بە خۆیان و بەکرێ گیراوەکانیانەوە، لە کاتێکدا لە توانا دابوو گوندەکانی سەر سنوور بکرێن بە قەڵای سەختی پارێزگاری لە نیشتمان و جەماوەری جوتیارە ئازادکەشی لەسەر ئەوا بکرێ بە پاسەوانی دڵنیا بۆ سنووری و شوورەیەکی بەرزبێت بەرووی ئالاو هێنەرە چپاو بڕسەکانیدا .

بۆیە ئەو تاقمە بۆرژوا بیروکراتیە و لە سەرووییەوە تاقمە عەفلەقییە فاشییەکە بە تەنیا هۆی بەرپرسیارە لە تووش کردنی نیشتمان بەم مەترسییە گەورەیەو بۆتە ڕێ خۆشکەرەی ئیستیلاو

(٢)

هێنەران و هێزە بەکرێ گیراوەکانی . تا ئەم تاقمە عەفلەقیە بمێنن نیشتمان ئاوەدان نابێ و زیانەکانی ئەم مەترسیە پڕ تاکرێتەوە و بەرگری لە مافەکانی گەلی عێراقمان ناکرێ بە دوو نەتەوەی عەرەب و کوردەوە و بە تورکمانیشەوە .

ئەگەر ئەو تاقمە بورژوایە نەبوایە ئەگەر خوێنمژ ندیی ئەم تاقمە فاشییە عەفلەقییە نەبوایە بەسەر گەلی عێراق دا و ئەگەر سیاسەتی فاشیانەو شۆڤینیی نەبوایە ئەگەر خیانەت لە گەل و نیشتمان و نەتەوەی عەرەب نەبوایە ئەوا جەماوەری گەل لە کوردستان دا وەك شێر لە لانە وەدەر دەکەوتن بۆ پارێزگاری لە نیشتمان و بەرهەڵستی توندی دەستدرێژی کەران کە چاویان بڕیوەتە خاك و ئاوو سەروەت و سامانەکەی . جەماوەری گەلی عێراق ووزەو توانای بێ پایانی خۆی تەرخان دەکرد بۆ ڕەتاندنی دەستدرێژی کەران و شاڵاو بەران ئەمەش بە هاوکاری و پشتگیری نەتەوەی عەرەبیش بە گشتی .

ئەوکاتە چەنگە بەرگرییەکەمان دەبووە جێگای سۆزو تەقدیری رای گشتی جیهان و گەلانی ئازادی و ئاشتی و دیموکراسی خواز .

ئەی هێزە نیشتمان پەروەرو پێشکەوتنخوازەکانی عێراق :

ڕێگای رزگاربوون لەو مەترسیە بێ پایانەی شاڵاوی ئێرانی کە پڕ مەینەتی و ماڵوێرانی لەگەڵ خۆی دا هێناوەو جەماوەری گەلانی عەرەب و کوردو ئێرانی تێدا تووش کردووە ، ڕێگای تەنها ت کردنە بۆ ڕوخاندنی رژێمی بورژوا دیکتاتۆری خائن و هێنانە سەرکاری حوکمێکی ئیئتلافی نیشتمانی پێشکەوتنخواز کە سەربە خۆیی نیشتمان مسۆگەر دەکاو ماف و سەربەستیە دیموکراتیەکانی گەل وەدی دێنێ و مافی چارەنووس نەتەوەی کورد دان پێ دادەنێ .

ئەم ئەرکە پیرۆزەش تایبەتە نی تەنها بە هەوڵ و خەباتی جەماوەری گەلەکەمان و هێزە پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێرەکان نەبێت . کە تێیدا تعدیری شۆڕش مەحاڵ دەبێ و بە شاڵاوی دەرەکی ئەنجام نادرێ .

ئەمە سەرەرای ئەوەی هێزی شاڵاوهێنەر هێزێکە سەرتاپای لە کۆنەپەرستی دا نقوم بووەو چاوی بڕیوەتە خاکی عێراق و خێروبێرەکەی ، نەهۆڵی تایەفەگەری دەکوتێ و جەماوەری گەل بە جادوو خورافیاتی کۆن کۆن چەواشە دەکات .

ئەرکی نیشتمانی هێزە پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەرەکانی عێراق ئەوەیە ، ڕیزەکانیان لە بەرەیەکی نیشتمانی عێراقی سەرتاسەری دا یەك خەن بۆ ڕاپەڕاندنی جەماوەری گەل و سەرکردایەتی کردنی ڕاپەڕینە گەلییەکان و بۆ رزگاربوون لەم تاقمە عەفلەقیە فاشییە خۆ سەپێنەرە بەسەر گەل و چارەنووس نیشتمان و بۆ ڕوخاندنی حوکمە دکتاتۆرییە شۆڤێنەرەکەی بەغدا .

وا پەستەیی بە بێگانەی دەستدرێژی کەرەوەو خۆ خستنە باوەشی ئەو هێزە کۆنەپەرستانەی دژ بە دیموکراسی و مافی دەستنیشان کردنی چارە نووس و سۆشیالیزمن و ابەستەیی بەو رژێمانەی دژ بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی یەکبوی نەتەوەین، لەلایەکەوە خیانەتن لە نیشتمان و لەلایەکی تریشەوە تەمەنی فاشییە خائنە حوکمرانەکە درێژ دەکەنەوە .

بۆیە پێویستە ئەوانە بە ئاشکرا ریسوا و تاوانبار بکرێن ، هەرچەندە هاوارەکانیشیان بەرزو ، پروپاگەندەکانیان زۆرو ، دروشمەکانیان بریقەدار تر بێ ، بەڵام ئەوانە خائنی گەل و نیشتمان و خزمەتگوزاری ریسواکراوی فاشی و شاڵاو بەرە چاوبرسییەکانن .

جەماوەری تێکۆشەری کوردستان :

ئەی ئەوانەی نەتەوە قارەمانەکەتان تووشی توندترین جۆری چەوسانەوەی نەتەوەیی و جۆرەها زوڵم بووەو بێ بەری بە لە تەواوی مافەکانی مرۆڤی ئەم چەرخە .

نەتەوەی کوردستان کە ژمارەی نزیکەی ( ٢٥) ملیۆن کەسە ، ئێستا بە دەستی حکومەتەکانی تورکیاو ئێران و عێراق تووشی جەنگی قەڵاچۆکاری سەرتاسەری بووەو بە هێزە چەکدارەکانیان شاڵاو بۆ کوردستان دێنێ و بەو هێزە کەوچانەوە دەیانەوێ درێژە بە دابەش کردنی کوردستان بدەن و دەست بەسەر مافی دەستنیشان کردنی چارەنوسی نەتەوەی کورد دابگرن و هەر بە کۆیلەیی بیهێڵنەوە ، لە رۆژگارێك دا کە ئاڵای زیاتر لە ( ١٦٠) دەوڵەتی گەورەو بچوك لەسەر کۆشکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەشەکێتەوە هەر لەوکاتەشا نەتەوەی کورد بێ بەشە لە سادەترین مافی نەتەوایەتی و دیموکراسی و لە سەرتاسەری کوردستاندا شارو دێهاتەکانی تووشی وێرانی و دانیشتوانی تووشی پارچەیی و راگوێزان دەبن لە کاتێکا دەوڵەتۆچکەی وا هەن کە دانیشتوانیان لە ژمارەی دانیشتوانی شاری سنە یا دیاربەکر یا سلێمانی تێناپەڕێ دەوڵەتی وا کە ژمارەیان لە ژمارەی ئوردوگا زۆرە ملێکان زیاتر نیە ، ئەو ئوردوگایانەی کراونەتە ئەڵقەی ئابلوقەو کۆیلایەتی و خراونەتە ملی جوتیارە کوردە راگوێزراوەکان .

زەوت کەرانی خاکی نیشتمان و مافەکانی نەتەوەکەمان ، هەر بەوەندە نەوەستاون بەڵکو لەژێر چەندین دروشمی ساختەدا ئەرێ لەناو بردن و وێران کردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد دەکەن .

حکومەتی فاشی عێراق ئەرە قەڵاچۆکەرەکەی بە ناوی پاراستن و بەکیوشی عروبەوە دەکا ـ کە عروبە لێی بێ بەریە ـ و حکومەتی ئێرانیش بە بیانوی پارێزگاری لە ئیسلامەوە ـ کە ئیسلام لەو چەوساندنەوە و دوژمنکاریە بێ بەریە ـ و بە ناوی یەکیەتی ئێرانەوە و هەروەهاش حکومەتی تورکیا بە ناوی طورانیەت و بە تورك کردنی کوردەکان و بە ناوی یەکیەتی تورکیاوە دەیکا . بەڵام لە جەوهەردا سیاسەتەکانی ئەم حکومەتە کۆنەپەرست و زاڵمانەو شۆفینیەت و فاشیەتن کە لە راستی هەبوونی نەتەوەی کوردو مافی رەوای بۆ دەستنیشان کردنی چارەنوسی خۆی نکۆڵی دەکەن . بۆیە کرێ گرتەیی و وابەستەیی بەم سێ حکومەتانەوە ، لە خیانەتێکی نیشتمانی و تاوانی گەورە بە هەقی کوردو کوردستان بەولاوە شتێکی تر نیە . بۆیە تاقمەکانی

( جوودی ) تەرخان کراو لە ریزی رەزمەندگانی موسوڵمانی عێراقی دا شان بە شانی هێزەکانی ئێران و چەکدارە جاشەکانی ناو ریزەکانی جاش و جاشی شەعبی هێزەکانی عیراق، لە چەکدارى شۆڕشی جەواشە بەولاوە شتێکی ترنین کە دوو حکومەتی عێراق و ئێران دژی بزووتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەی کورد وەك هێزی بەکرێ گیراوو جاش بەکاریان دێنن بۆ ویران کردنی ووڵات و کوشتنی رۆڵەکانی کوردو ئەنجام دانی سیاسەتی شۆڤینی فاشیانەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان .

جەماوەری گەلی تێکۆشەر :

گەلەکەمان سیاسەتی وابەستەیی بە دەوڵەتە کۆنەپەرستە داگیرکەرەکانی نیشتمانەوەی تاقی کردۆتەوەو لە لایەن پەیڕەوی سەرکردایەتی بارزانی خائینەوە تاڵاوی کارەساتی سیاسەتی وا بەستەیی بە ئیمپریالیزم و زایونی و کۆنەپەرستی شاهەنشاهییەوە بە قورگدا چۆتە خوارێ . ئەو پەیڕەوەی کە کارەساتی ئاشبەتاڵی شۆڕشی کوردو رمانی گەورەترین هێزی چەکداری کوردی لە مێژووی هاوچەرخی دا لەگەڵ خۆیدا هێنا ، کە فەوتانی خوێنی دەیان هەزار شەهیدی بەناو چەوانەوە بوو لە ماوەی ( ١٤ ) ساڵ خەبات دا .

ئا ئەوەتا سەرکردایەتی بارزانی خائن و کورد فرۆش، خۆی جارێکی تر هەمان تاقی کردنەوەی فاشل دووبارە دەکاتەوە . بەردەوامە لەسەر وابەستەیی بە هێزە ئیمپریالی و زایونییەکانەوە، بەردەوامە لەسەر کرێ گرتەیی و تەرخان کردنی هێزەکانی بۆ رژێمی ئێران، بۆ ئەوەی ئەنانەت دەرسێکیش لە رابردوو نزیکەکەی خۆشی وەرنەگرێ .

ئەوەتا تاقمە ریفۆرمستە ئینتهازییەکەی ناو حزبی شیوعی، جاوپەیمانی خۆی رادەگەیەنێتەوە لەگەڵ ئەو سەرکردایەتیە خائنە، هەرچەندە باشیش دەزانێ وابەستەو سیخوری ئەمریکاو ئیسرائیلەو دەزانێ کە بەتەواوی سەربە دەوڵەتە کۆنەپەرستە تاڵاو هێنەرەکەی سەر خاکی نیشتمانە .

ئەوەتا ئەویش راکێش کرایە ناو ریزی هێزە تاڵاو هێنەرەکان ئەو هێزانەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردو شۆڕشە بەرپابووەکەی کوردستان بە توندی سەرکوت دەکەن .

رێگای رزگار بوونی جەماوەری کوردستان لە دەستی زوڵم و چەوسانەوەی نەتەوایەتی و مەترسییەکانی جەنگی قەلاچۆکەرو وێرانکەر، وا بەستەیی نیە بەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، ئەو دەوڵەتانەی نکۆڵی لە مافی نەتەوەی کورد دەکەن لە دەستنیشان کردنی چارە نووسی خۆی دا بەڵکو رێگای رزگاری جەماوەری شۆڕشگێری پشت ئەستوورە بە هێزە لەبن نەهاتووەکانی گەلەکەمان . رێگای پشت بە خۆبەستن و سەربەخۆیی تەواو گرێ دانەوەی خەباتە لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراقدا لە بەرەیەکی نیشتمانی عیراقی سەرتاسەریدا، ئەمە لە لایەکەوە و لە لایەکی تریشەوە و بە هاوکاری و تێکۆشانی دەست لەناو دەست لەگەڵ هێزە شۆڕشگێرەکانی کوردستان دا . ئێمە لە رێگای خەباتی جەماوەری شۆڕشگێرانە بەولاوە رێگایەکی ترمان لە پێش نیە .

بۆیە لە کاتێکدا ی . ن . ك تاڵاوی ئێران بۆ سەرخاکی نیشتمان ریسوا دەکاو بەرەی ( جود ) ی ترازێنەر بە خیانەتی نیشتمانی تاوانبار دەکا، هەر لەو کاتەشدا حکومەتی عێراقی فاشیش بە خیانەتی لە نیشتمان و تووش کردنی بە مەترسی گەورەو بە فیڕۆدانی رۆژەی گەل و رەوانە کردنی دەیان هەزار لە رۆڵەکانی بەرەو قەسابخانەی جەنگ ریسواو تاوانبار دەکا . هەر لەو کاتەشدا سیاسەتی سەربەخۆو شۆڕشگێرانەی خۆی بە پشتقایمی بە جەماوەری گەلەوە رادەگەیەنێ و جەماوەری گەلیش بانگ دەکا بۆ یەکخستنی تەواوی ووزەو توانای خۆی بەگژ جیسار بۆ پارێزگاری کردن لە ناوچە رزگارکراوەکان و دووەم جاریش لە تەواوی ناوچەکانی نیشتمان لە رووی تاڵاوی ئێراندا . وە داوا لە هێزە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق دەکا کە پەلە بکەن لە ئەنجام دانی بەرەی نیشتمانییە سەرتاسەرییەکەی عێراق کە سەرکردایەتی خەباتی گەلمان دەکا بۆ روخاندنی دکتاتۆرییەتی فاشی و مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی نیشتمان و دیموکراسی بۆ گەل و مافی دەستنیشان کردنی چارەنوس بۆ میللەتی کورد لە عێراق داو بۆ ریسوا کردنی خیانەتی بەرەی ( جود ) ی ترازێنەر، ئەو بەرەیەی کە تاوانی دەرهەق بە شۆڕشی دیموکراتی عێراقی هەڵگیرساو لە کوردستانەوە کرد .

بێ گومان سەرکەوتن بۆ گەلی عیراق و هێزە نیشتمان پەروەرو پێشکەوتنخوازەکانە کە لەسەر سیاسەتی شۆڕشگێرانە دەڕۆن و لەسەر مەبادئی دامەزراون .

شکان شەرم و عار بەشی ئەو جاشانەیە کە لە ریزی هێزە تاڵاو هێنەرەکان و لە ناو ریزی هێزەکانی فاشی عەفلەقی دان .

سەرکەوتن و پیرۆزی بۆ هێزی پێشمەرگەی قارەمانە بە سەرکردایەتی ( ی . ن . ك ) و لە ژێر ئاڵای بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی دیموکراتی عێراق دا کە بە قارەمانیەکی بێ هاوتاوە لە یەك کاتدا بەرپان لە تاڵاوی ئێران و هێزەکانی فاشی عێراق گرتووە . شۆڕش بەردەوامە تا وەکو رژێمی بۆرژوا بیروکراتی تاقمە فاشیە عەفلەقیەکە دەروخێنرێ .

تاوەکو گەل لەو چەرمەسەری و ماڵوێرانی یە رزگاری دەبێ کە ئەم تاقمە تووشی کردووە .

تا وەکو گەل بە هەموو مافە دیموکراسیەکانی خۆی شاد دەبێت و نەتەوەی کوردیش مافی خۆی بۆ دەستنیشان کردنی چارە نووسی وەدەست دێنێ .

بروخێ فاشی عەفلەقی خائـــــن

نا تاڵاوی ئێرانی هەرگیز بەسەر کوردستاندا تێپەر نابێ

روو رەشی بۆ جاشە تەرخان کراوەکانی ناو ریزی تاڵاو هێنەران .

سەروەری بۆ تێکۆشەرە شۆڕشگێرە خۆڕاگرەکان

کۆمیتەی سەرکردایەتی ی . ن . ك

٢٥/تەمـــوزی / ١٩٨٣

٤

بەرەی گەشەپێدانی کۆمەڵە و یەکخستنی هێزە رزگاریخوازەکانی کۆمەڵەکەمان

لە پێناوی سەرخستنی شۆڕشی رزگاری نیشتمانی کوردوستاندا

بۆ / گشت کەرت و پۆل و شانەکانی سنووری چالاکیمان

سـلاوێکی شـۆڕشگێرانـە

بە ئومێدی سەرکەوتن و درێژەدان بە خەباتی رەوای کرێکاران و رەنجدەرانی کوردوستان لە رێگای تێکۆشەر ..... دیارە سازدان و ئامادەکردنی و رابەرایەتی کردنی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردوستان هەردەم ئەرکێکی سەرەکی و گرنگی سەرشانی کۆمەڵەمان بوە و هەمیشەش لە گۆڕەپانی خەباتی پڕ شانازیدا ئەم راستیەی بەکردەوە سەلماندوە • رێبازی راست و هەڵوێستی شۆڕشگێرانەی لە هەموو بوارێکدا بوەتە مایەی خەڵکی و کرێکاران و رەنجدەران روون کردۆتەوە و شێوەی کۆمەڵ و پلانی سەرکەوتوانەی بۆ بەکار هێنانی وزەی زەبەندی کرێکاران لە دژایەتی رژێم دیاری کردوە •

هاوڕێیانی هێژا ..... ئێستاش رژێمە رەفتار فاشیەکەی بەغدا گەرەکیەتی جارێکی تر بەناوی گەری یەکێ گاڵتە جاڕی تر سازبکات و کۆمەڵێک لە چڵکاو خۆروتەلقە لەگوێ و کاسەلیسەکانی خۆی بۆ لیژنەی بەناو نەقابەی کرێکاران هەڵبژێرێ دەستەیەک لە ئەندامانی حزبە فاشیستەکەی و دەزگا داپڵۆسێنەر و جاسوسەکانی خۆی بکاتە رابەر و سەرکردە و لێپرسراوی کرێکاران و ئەوەیش لە هەڵبژاردنێکی بەناو دیموکراتیدا لە ١٦ / ٦ دا دیاری دەکات • بۆیە پێویستە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی ( کۆمەڵەمان ) بگەیەنین بە کرێکارانی کارگە و کارگوزاری و خانوو بەرە و دەزگا و دامەزراوەکانی میری رابگەیەنین و لەو راستیەیان بگەیەنین کە رێگا نەدەن ئەو دەستە جاسوس و چڵکاو خۆرە بە سەریاندا بسەپێنن ... لەم کارەشدا پێویستە

١ - پێویستە هاوڕێیانمان بە چڕی ئاگاداری کرێکاران بکەن ، کە پێویستە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیان لەم رووەوە هەبێ •

٢ - کرێکاران لەو راستیە بگەیەنن کە ئەو کاسە لیس و ئەلقە لە گوێیانە هەردەم دوژمنی چینایەتی کرێکارانی کوردوستانن و هەمیشەش مافە رەواکانی کرێکاران لە پێناوی سود و بەرژەوەندی ئاغاکانیان دا پێشێل دەکەن •

٣ - ئاگاداری کرێکاران بکەن کە هەرگیز رێگا نەدەن ئەو دەستەیە ببنە سەرکردە و لێپرسراو و رابەریان بەڵکە هەوڵ بدەن سەرکردەی راستەقینەی خۆیان دیاری بکەن •

٤ - ئاگاداری کرێکاران بکەن سازو ئامادە بن بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەمو ئەو گوشارانەی لە لایەن رژێم و دەزگاکانیە وە دەخرێتە سەریان و بە مانگرتن و خۆپیشاندان وەڵامیان بدەنەوە •

٥ - پێویستە هاوڕێیان متابعەی مەوقفی کرێکاران بکەن و رادەی ئامادەیی بەدەنگەوە هاتنی داواکانمان دیاری بکەن •

٦ - پێویستە هاوڕێیان بەزوویی هەمو ئەو زانیاریانەی دەستیان دەکەوێ لەو گۆڕانکاریانەی لەم رووەوە دەبێ ئاگادارمان بکەنەوە •

بۆ پێشەوە روەو سەرکەوتن

رێکخراوی سلێمانی

## بە بەعسی کردنی ماموستایانی کوردستان
## تەبانەی ئیفلاسی سیاسی حیزب و رژیمەکەیەتی

رژێمی بەعسی رەگەز پەرستی رەفتار فاشی لە ماوەی چەند ساڵەی حوکمی رەشی دا عیراقی بەرەو کارەسات و بەدبەختی سەخت و ماڵ ویرانکەرانە بردووە بە شێوەیەک کە بانەروژێکی نەزانرا و چاوەڕوان نەکراو نەکات ـــ تەنچامەکانی ئەو سیاسەتە گێژاوو کێشەی دژواری لەبن دەماتوە و روژ لە دوای روژ رژێمی ( ئەزمات و هەموو مەسەلەی سیطرە ) بەرەو بەگۆڕچون دەبات لەسەرە نوێنکی مێژوودا .

ئەم تەنیا ئەدەخەکردنی هەموو مانە دیموکراتیەکان بەڵکو بۆ عەمەل کردنی زوربەی مانە ئاسایەکانی مروڤ و بەردەوام بون لەسەر سیاسەتی بەعەرەب کردن و راگواستن و ویرانکاری لە کوردوستاندا لەبەر پەردەی نوێنوێوی ساختەو ( چارەسەری ئاشتی خوازانەی ) مەسەلەی کورد و هەڵگرتنی هەندی دروشم و کرداری بە رواڵەت خەڵەتێنەر و لە ناوەروکدا نەک عەرەبچیەڵ بەڵکو لەبار بەرو دژ بە هەوری ئەم رژێمەی وەک نمونە یەکی ئەوی و بالا لە شورشی چەواشە هێنایە سەرعان و لە مێژووی عیراقدا رژێمی بەعس و حیزبەدا روخاوە پزۆڵەکە کەی بە شێوەیەکی پڕ لە مەحـــەرە لابایی پارەکانی پێش جەنگی ئیمپریالی دووەمی ئەورووپا ئەکاتەوە لەناشتنو تیژ کردنی هەستی دوژمنایەتی بەرانبەر گەلان و تەعەفە و سەرکوت کردنی هەموو ـــ بواریکی بزوتنەوەی دیموکراتی چەسپاندنی باوەری سەروکی مەژوویی قەدەر رەخسـاندنی خاوەن توانا و سەبتانی عەجایەب و نائاسایی و پیاهەڵدان بەخاک و خوێن و نەتەوە و مێژوو نامەی قەدەر پی سپاردوی ئەمانە بە تیرور و بەرتیل گەرەکیانە زیرخانی کومەڵایەتی خویان فراوان بکەن وە ریزە دارووخاوەکانی پارت و ریکخراوەکارتونیەکانیان پتەو بکەن کە جگە لە کەمانی بودەڵەو کاسەلیس کە لە ریزیاندا گەلینەخوفروشی ( محترف ) ی تیایە هەرگیز لە تواناباندا نەبوە روڵەی ئابرو مەندو نیشتمان پەروەر لە خشتە بەرن .

رژێم پاش شیواندنی بەرنامەکانی خوێندن سڕینەوەی هەریا بوتیک بونی کوردایەتی و پێشکەوتن خوازی لی بهێت وە پوکردنیان لە باوەری رەگەز پەرستی نەتەوەی عەرەب هەر بو ئەم مەبەستەو رەچاو کردنی تولگرتنی ماموستا لە بواری پەروەردە و پێگەیاندندا ماوەیەکە و ناو بەناو لە هەویەزیشەوە ئەدات کە جیاوەری ماموستایان بەزور ناچار بکات و راپیچیان بکات بو ناو ریزەکانی حیزبە رسواکەی .

ئەوەی شایانی باسە تەنانەت هەندی کورت بین و سەرلێشیوا و لەبەر ترسنوکی یان پەتەمای کاسەلیسی کەوتە بەرەندا ... هەڵخلیسکان و ئەوەی نیشتمانی و کومەلایەتیان دوراند بە چونە ناو پارتیکی عەرەبی شوێنەوەیی راستەوەی رەگەز پەرست و دژ بەمان و هەموو خواستیکی رەوای گەلی کوردمان و ویرانکەری کوردوستان و هەڵدەری بەردەوامی پەلەخەیەی بو راگویزان و بە عەرەب کردنی داگیرتانی و سرینەوەی ئەدەب و مێژوو رۆشنبیری و هەموو شوێنەوارێکی نەتەوەییمان .

ئەمانەی هەڵخلیسـکاون ئیسـتا لە ئەنجامی خو راگرتن و گەشە کردنی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی دیموکراتی گەلەکەمان و گیژاوی کەوتنەوەو رسوا بونی رژێم و حیزبەکەی زوربەیان هەوڵ ئەدەن ـــ هەویان راست بکەنەوە و هوینەواری ئەو سوکایەتیە کومەلایەتی و سیاسیە بسـرنەوە کە بی ناوەرەکا بوو وە رویان کردوتەوە ریزەکانی بەرەی گەل .

دیان لایەنە کونەپەرستو بەکریگیراوەکانی
کوردستان دژایەتی خەباتی رەوای گەلەکەمان دەکەن

**جەماوەرانی شورشگیر**

وا نزیکەی هەشت سالی تی دەپەریت بەسەر هەلگیرساندنەوەی شورشی نویخوازی گەلەکەمان لە کوردستانی بەشی عیراق بە رابەرایەتی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لە بارێکی سەخت و دژواردا . ئاشکرایە لە ماوەی ئەم چەند سالەی خەبات و تیکوشانیدا دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بە هەموو توانایانەوە هەولی کپ کردن و سەرکوت کردنی ئەم بزوتنەوەیان داوە . لایەنە کونەپەرست و بەکریگیراوەکانیش کە نوکەری ئەلقەلەگویی رژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان بوون لە هەر کاتیکدا هەستیان بەو راستیە کردبیت کە بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد روو لە گەشە کردن و یەک بوون و سەرکەوتنە بە فرمانی ئاغاکانیان و بە چەندین بیانوی پروپوچ و ناراست دەستیان بە لیدان و دژایەتی کردنی و بەرهەلستی رەوتی بزوتنەوەکە کردووە هەرجارەش بەجوریک پلانیان بو چەواشە کردنی ریبازی راستی شورشگیرانەیان کیشاوە . کارەساتە دلتەزینەکەی هەکاری و چەندین کاری خائنانەی تر بەلگەی ئەم راستیەی سەرەوەن کە هەرچی رژیمی داگیرکەری کوردستانن لە ئاستی شورشی گەلەکەماندا خویان یەک و بەگەرخستنی لەگەل تاقمە نوکەرە کورد کرێگیراوەکانیدا و ئەو دەستە رەشە چەپەلەیان وەشاند لە ناسکترین و دژوارترین کاتدا کە بزوتنەوەی گەلەکەمانی پیدا تیپەری .

ئیستاش لە کاتیکدا کە هیزە شورشگیرو نیشتمان پەروەرەکانی سەرتاسەری کوردستان هاوکارو هاوخەبات لە دژی دوژمنان و داگیرکەران دەجەنگن و بەرگری لە خاک و نەتەوەی داگیرو دابەشکراویان دەکەن و لە پیناوی مافی چارەنوسی گەلدا تی دەکوشن لایەنە بەکریگیراوو نوکەرەکانی رژیمە داگیرکەرەکان دیسانەوە بە فرمانی ئاغاکانیان لە ژیر بیانویەکی ناراستی تردا کەوتونەتەوە دژایەتی کردن و ریگری لە هاوخەباتی و هاوپەیمانی نیوان شورشگیرانی کوردستان و زور بی شەرمانە ئەم جارەش خویان کردوتەوە کلاو سوری بەر لەشکری رژیمە داگیرکەرەکان و لە هەر لایەک بویان بکریت بە ئاشکرا شەری چەکداریانیان لە دژی ( ی.ن.ک ) و گشت هیزە شورشگیرەکانی کوردستان دەکەن لە هەر ناوچەیەکیش بویان نەلویت کەوتونەتە پروپاگەندەو هەلبەستنی درووەدەلەسەی نابەجی و ناراست لە دژی خەباتی رەوای گەلەکەمان .

ئیمە ئەو لایەنە بەکریگیراوو ئەلقەلەگویانە و هاوکارەکانیان بە توندی لەبەردەم جەماوەری گەلدا بەرپرسیار دەکەین بەرامبەر بەم کارە ناپاک و خائنانەیان داواش لە سەرجەم چین و تویژو تاقمە شورشگیرو نیشتمان پەروەرەکانی کوردستان دەکەین بە توندی بەرگریانا بچنەوەو بەرگری لە خەباتی رەوای گەلەکەیان بکەن لە هەموو کوردستاندا .

ئەی جەماوەری بەشەرەفی کوردستان

ئیمە لە ئیوەی دلسوزو بەشەرەف خوتان پرسیار دەکەین ئایا لە کاتیکدا هیزە شورشگیرو پیشکەوتن خوازەکانی کوردستانی عیراق و ئیران و تورکیا هاوکارو هاوخەبات لە دژی رژیمە داگیرکەرە رەگەزپەرستەکان دەجەنگن دەبی شەر کردن و دژایەتی کردنی خەباتگیرانی کوردستان لە لایەن ئەم لایەنە نوکەرانەوە لە بەرژەوەندی کام بەشی کوردستان و بو رزگاری کردنی کام پارچەی ولاتەکەمان بیت یان لە بەرژەوەندی کام هیزو تاقم و دەستەی ناوچەکە بیت ... بیارە ئەم کارە هەر لە بەرژەوەندی ولاتە ئیمپریالیست و رژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان ئەبیت .

بەلام با ئەو لایەنە کونەپەرست و بەکریگیراوانەو هاوکارەکانیان و هەموو داگیرکەران چاک ئەو راستیە بزانن کە پیشمەرگە قارەمان و جاوتەرسەکانی کوردستان پالەوانانی سنور شکین هەمیشە بە باوەری کوردستانیتی خویان و خەباتی بی سنوریان بو هەلتەکاندنی سنوری دەستکردی ئیمپریالیست و داگیرکەران پشت ئەستورن بە هیزی لەبن نەهاتوی جەماوەری بەخەدرو زەحمەتکیشانی کوردستان دریژە بە خەباتی پیرشانازی خویان ئەدەن و هیرشی درندانەو پروپاگەندەی نابەجی و درووەدەلەسەی ئەو لایەنە بەکریگیراوانە پوچەل دەکەنەوەو رەوتی شورشگیرانەمان رووە پیشکەوتنە .

پتەوتر بیت هاوکاری هاوخەباتی هیزە شورشگیرەکانی کوردستان
سەرکەوتن بو خەباتی گەلەکەمان لە هەموو کوردستاندا
بژی هیزی پیشمەرگەی کوردستان قارەمانانی سنور شکین
مردن و سەرشوری بو داگیرکەران و نوکەرە ئەلقە لە گویکانی

یەکیتی نیشتمانی کوردستان
کومەلەی رەنجدەرانی کوردستان
ریکخراوی سلیمانی

## ئەرکی پیرۆزی ماموستا لە شۆڕشی نوێخوازی گەلدا

ئاشکرایە ماموستایانی شۆڕشگێرو نیشتمان پەروەر هەردەم رۆلیکی تایبەتی و جیگایەکی دیاریان لە خەباتی رەوای گەلەکەیاندا هەبووەو هەمیشەش وەك رۆشنبیریکی شۆڕشگێر بونەتە بردی پەرینەوەی بیری زانستانەو پێشکەوتنخوازانە بو جەماوەرانی چەوساوەو زەحمەتکیش مەگەلەوەی لە خوێندنگاکانا بوتەتە مەنجەلی رۆشنکەرەوەی رێی تاریکی ژیانی نەخوێندەواری و نەهامەتانی ئەوەیە کی رۆشنبیرو دوا رۆژیکی گەش و پرشنگدار • بویە دەبیت ماموستا هەردەم وەك ری پیشاندەریك و وەك تیکوشەریکی رێی سەختی خەباتەدولی هوشیار کردنەوەو تیگەیاندنی خوێندکاران بە ریبازی راستی شۆڕشگێرانە بدات ، بەتایبەتی لەم قوناغەی ئیستای شۆڕشی نوێخوازی گەلەکەمان بە رابەرایەتی (ی ن ك) • دیارە لەم هەل و مەرجەی خەباتدا ئەرکی سەرشانی ماموستایانی دلسوزو نیشتمان پەروەر بەهاترو گرانتر دەبیت لە سازدان و پێگەیاندنی خوێندکارو رۆشنبیرە شۆڕشگێرەکانی گەلدا •

هەربویە پێویستە ماموستایان بە چاکی هەست بەو ئەرکە پیرۆزانەیان بکەن کەلە ژیانی رۆژانەیاندا لەسەر شانیانە و چاکتر خویان بو ئەنجام دانی ئامادە بکەن و توندتر ها وخەباتی خوێندکارە شۆڕشگێرەکان بکەن و چاکتر لە دژی رژێمە رەفتار نابستەکەی بەندا هانیان بدەن و باشتر رێی راستی خەباتیان بو روون بکەنەوەو رۆلی پر شانازیان لە هێنانەدی مافە پیشەیی و دیموکراتیەکانی خویان بو دیاری بکەن •

ماموستایانی تیکوشەر

گەر سەرنجیکی لەرابردوی خەباتی پر شانازی ماموستایان بدەین بە ئاشکرا رۆلی گرنگ و میژوییان لە هاوکاری کردنی خەباتی گەلدا لە هەموو بواریکدا بەدی دەکەین ، نمونەی ئەم راستیانەش لە خوێنگەشی ماموستایان (احمد عبداللە ، احمد رەعوانی ، انور بارتام ، یاسین ، اسماعیل ، حەمە بورو جعفر و حەمە امین پولا ، عزیز محمود ، جمال عزیز ، ئازاد یوسف ، سندوبەر ، جمیل رەنجبەر ، بەرزان عثمان و دەیان ماموستای تر ) بەدی دەکەین ، کەلە پیناوی هینانەدی مافە پیشەیی و نەتەوایەتیەکاندا گیانی خویان بەگەل و نیشتمان بەخشی و تا ئیستاش بەردەوام دەیان ماموستای نەبەزو کولنەدەر لە سەنگەرەکانی پیشەوەی شۆڕشی نوێخوازی گەلەکەماندا شان بە شانی پیشمەرگە قارەمانەکان لە ریزی پیشەوە بەرگری لە مافی رەوای گەلە زورلیکراوەکەیان دەکەن •

ماموستایانی نەبەزو تیکوشەر

ئیستاش بە ئاشکرا هەست بەو راستیە دەکریت کە رژێمە رەفتار نابست و رەگەز پەرستەکەی بەغدا چون گورەکیەتی مافە پیشەیی و دیموکراتیکانمان زەوت بکات و بەئارەزووپەرستی خوی پەروەردەو فیرکردن لە کوردستاندا بکاتە کیلگەی بە عەرەب و بەعسی کردن و جاسوس و سیخوری لی بەرهەم بهینی • دەیار نمونەی ئەم راستیەش دیارو ئاشکرایە لامان • ئەوەتا بەرنامەکانی پەروەردەو خوێندن هیچ باسێکی زانستانەو هیچ رویەکی گەشی خەباتی گەلانی عیراقی تیدا بەدی ناکریت ، جگەلە پیاهەلدانی حزبە فاشستەکەی بەعس و سەروکە خوێن ریژەکەیان ، دەسکەوتە درو ر.. رکەمەکەیان نەبیت •

لەلایەکی تریشەوە هەموو توانای خوی بو بەعسی کردنی ریز..کانی ماموستایان و خوێندکاران تەرخان کردوە و چەندەها پلانی نابەجییان بو ئەم مەبەستە گیڕاوە • ..رەرای ئەمانەش خوێندنگاکانی کردوە مەلبەندی سەرکوت کەرەوەی هەلچوونی خوێندکارە شۆڕشگێرەکان و لە هەموو خوێندنگایەکدا یەکی یە چەند چەتو وەحشێکی لە دەزگا جاسوسیکانی بو تەرخان کردوە تا چاودیری جموجولی ماموستایان و خوێندکارە شۆڕشگێرەکان بکەن عەبەناشرین ترین شیوەش رەفتاریان لەگەلدا دەکەن و هیچ ئازادیی و سەربەستیە پیشەیی و نەتەوایەتیکیان بو بەربوبەرو ماموستا و خوێندکاران نەهیشتوتەوە و سەرجەم سەربەستیە پیشەیی و نەتەوایەتیکانیان لی زەوت کردوون • بویە ئیمەش لیرەدا بە پیویستی دەزانین بانگەوازی خومان بگەیەنینە هەموو ماموستا و خوێندکارو شۆڕشگێرو نیشتمان پەروەرەکان کە نارەزایی خویان لە دژی رەفتاری نامرونانەی ئەم رژێمە داگیرکەرە دەربرن و خویان سازو ئامادە بکەن بو خەبات و لە دەوری ئالای بەرزی یەکیتی ماموستایانی کوردستان بە رابەرایەتی ( ی ن ك ) کوببنەوەو هەموو بەیەکەوە دەنگ بو وای مافی پیشەیی خومان و بەرنامەیەکی خوێندنی زانستانەو گەلی بکەین و خەباتی شۆڕشگێرانەی بو بکەین •

با هەر شەکاوە بێت ئالای بەرزی خەباتی ماموستایان

مردن و سەرشوری بو رژێمە داگیرکەرو کونەپەرستەکان

# پەڕتیە داگیرکەرەکانی کوردستان دوژمنی سەرسەختی گەلەکەمانن.

دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان هەرلەسەرەتای داگیرکردنی وولاتانەوە کوردستانیشیان وەك وولاتێکی دەولەمەندو هەلبەندێکی ستراتیژی گرنگ داگیرکردووە لەترسی هەڵمەتی میللەتەکانمان و بەرهەڵستی کردنیان ئەم داگیرکردنە بەوەندەوە نەوەستان کە وڵاتەکەمان بۆ دابەش‌کردنو پارچە پارچە کردنی تالەکۆتاییدا بەسنورێکی دەستکرد بەسەر چوار پارچەدا دابەشیان کرد.
گەلی کوردیش هەرلەسەرەتای داگیرکردنو دابەشکردنی نیشتیمانەکەیەوە بەردەوام بەرگری لەمافو ژیانو خاکو نەتەوەی خۆی کردووە و چەندین شۆڕش خویناوی لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان

بەرپاکردوە هەزاران شەهیدی لەپیناویدا داوە دوژمنانو داگیرکەرانی کوردستانیش هەردەم هاو پەیمانو هاوکاربون بۆکپ‌کردنو سەرکوتکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان لەهەرپارچە یەکدا لە بەرزبونەوەدابوبێت تەنانەت ئەم رژیمە کۆنەپەرستو داگیرکەرانە زۆرجار ناکۆکییەکانی خۆیان وەلاوەنا وە لەپیناوی کپ‌کردنو نەهێشتنی ئەوجوڵانەوەشۆڕشگێرانەیەدا ••
پەیمانەکانی بەغداو سەنتۆ وریکەوتننامەی جەزائیر باشترین بەڵگەی ئەم راستیەن کە ئەمدەوڵەتانەی داگیرکەر تالەدڵ تەزینە بوو ••
دیارە ئەم پەیمانانەیش کە پەیمانی نوێی داگیرکەرانن دژ بە گەلەکەمان فێری ئەوەی کردین کەپشت بەستن بە بێگانە و داگیرکەرانی کوردستان سەرئەنجام هەرپەیمانو نوشستی کوتایی دیت ••
هەربۆیە یەکیتی نیشتیمانی کوردستان هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی خەباتو یەکێتیەوە هەوڵی یەك‌خستن و یەك‌بوونی سەرجەم هێزە شۆڕشگێرو پێشکەوتنخوازەکانی گشت کوردستانی داوەو رەنجدەرانو زەحمەتکێشان و شۆڕشگێرانو نیشتیمانپەروەرانی کوردستانی کردوتە پشتو پەناو سوتەمەنی شۆڕشی ئازادیخوازی گەلەکەمان و ئەم ڕێبازەیشی لەتەواوی پارچەکانی کوردستان کە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد ، لەهەموپارچەکاندا یەك بزوتنەوەی مێژوو کردی بابەتین و داگیرکەرانی کوردستانیش لەهەموپارچەکاندا دوژمنی سەرەکی گەلەکەمانن ••
جەماوەرانی شۆڕشگێر ـ ئیستا، لەچەندەها ساڵی ئەوپەلاماره درندانەیەی رژیمە رەگەزپەرستو رەفتاری فاشیەکەی بەغدا ئەیکاتە سەر کوردستانی بەشی عیراق و رۆژانە دەیان رۆڵەی بیتاوان شەهید دەکاو سەدانیش لەزیندانە تاریکەکانیدا وون دەکاو گوندو شارو شارۆچکەکانی خاپوردەکات و روخساری نەتەوایەتی کوردستان دەگۆری ، لەهەمان کاتدا رژیمی جمهوری ئیسلامی ئیرانیش هێرشی درندانە و بەربڵاوی خۆی بەئەرتەش وپاسداروجاش دەکاتە سەر کوردستانی بەشی ئیران •• بەتانك‌وتوپو فڕۆکەو ناپالم و تیزاب تەرو وشکی نیشتیمانەکەمان پیکەوە دەسوتینی و سەدان هەزار کورد ماڵ ویران و دەربەدەر دەکات و دەیان منداڵو لاوو پیرو ئافرەت شەهید دەکاو سەدان شارو گوندی کوردو سەدان ویران وکاول دەکەن و خەلکە بێدەرەتانەکەی پەرتەوازەی دوڵ و چەم و کێوەکان ••••

کردوە ئەم کاتە سەخت و سەرمایەی ئەم وەرزەدا بۆ تەلاچۆکردنی میللەتەکەمان لەم دیو و جەمسەرکردنی داگیرکردنی وولاتەکەمان بەکو بیانوو هێنەری کە گوایا لە کوردستانەوە هێرش ئەباتە سەر عێراق و [illegible] رزگاری ئەکات.

ئەی جەماوەرانی بەشەرەف و هێژا / ئاشکرایە رزگارکردنی میللەتی عێراق لە چنگ رژێمی رەفتار فاشی صدام هەرگیز بە داگیر کردنی وولاتەکەی لە لایەن سوپای رژێمێکی دیکتاتۆری و رەگەزپەرستی ترەوە دەستگیر نابێت و نارەخسێت، بەڵکو رزگاری میللەتی عێراق لە ژێر دەستی جەماوەری گەلانی عێراق خۆی و لە رێی راستی خەباتی شۆڕشگێرانەی جەماوەرە بە رابەرایەتی و هاوکاری هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان کە دەستەبەرکەی روخاندنی ئەم رژێمە فاشستەیەو بنیاتنانی رژێمێکی دیموکراتی [illegible]. بەڵام [illegible] دواندانەی کوردستان لە لایەن هەردوو رژێمەوە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی تری داگیرکەرانی [illegible] وێرانکردن و کاولکردنیان [illegible] کوردستان، کە بێ گومان ئەمەش بەڵگەیەکی تری [illegible] ئیمپریالیست و کۆنەپەرستەکانە کە ئەیانەوێت [illegible] شاسەیتانی شۆڕشی فەلەستین کوردستان بۆتە مەڵبەندی شۆڕشگێران و جوڵانەوەی رزگاریخوازان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دژی ئیمپریالیزمی جیهان و کۆنەپەرستانی ناوچەکە.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەمڕۆ وەک هێزێکی سەرکی و خاوەن دەسەڵات لە کوردستاندا و وەک ڕێکخراوێکی کوردستانی کە باوەری تەواوی بە هاوخەباتی و یەکبوونی بزووتنەوەی رزگاری هەموو کوردستانە نە داگیرکەرێک بە داگیرکەرێکی تر ئەگۆڕێتەوە و نە وەک رژێمە عەرەبییەکانیش بێ لایەن ئەوەستێت کەبە بەرچاویانەوە پەیمانگەی فەلەستینیەکان سەربڕران و پەنابەرەکانیشیان قەڵاچۆکران کە تا ماون رووەش و شەرمەزارییە بۆ ئەو رژێمانە، بۆیە هەرگیز دەستە وەستان ناوەستێت بەرامبەر کاول کردن و قەڵاچۆکردنی میللەتەکەمان لە هەر بەشێکی تری کوردستان کە مانی میللەت و بزووتنەوەکەی لە مەترسیدا بێت، بۆیە پێویستییەکی گەورەی سەرشانی هەموو هێزە شۆڕشگێرو نیشتمانپەروەرەکانی تری کوردستانیشە کە بە هەموو هێزو توانایانەوە بەرگری لە خاک و نەتەوەکەیان بکەن و بە هاوخەباتی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب و تورک و فارس دژی رژێمە کۆنەپەرست و فاشستەکانیان.

سەرکەوتوبێت خەباتی رەوای گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا

مردن و رمان بۆ رژێمە فاشست و داگیرکەرەکانی کوردستان

سڵاوی شۆڕشگێرانەی بۆ پێشمەرگە نەبەزەکانی کوردستان پارێزەری گەلەکەمان لە هەموکوردستاندا

هەر شەکاوە بێت ئالای بەرزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

یەکێتی نیشتمانی کوردستان
کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
ڕێکخراوی سلیمانی

بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنە ساختەکەی بەناو یاسادانانی
پیلانەکانی رژێمی فرێشاوی بەعس بۆ جیهان دەکاتەوە

ئەی جەماوەری بەشەرەفی کوردستان

دیسانەوە رژێمی دکتاتۆری فاشی بەغدا گەرەکیەتی لە ٥/ ئابدا پەردەی شانۆگەریەکی پڕ لە ساختەی تر لە ژێر ناوی (ئەنجومەنی بەناو یاسادانانی کوردستان) هەڵبداتەوە ، ... کە کۆمەڵێک لە جاش و خۆفرۆش و ئەڵقە لەگوێکانی کردوتە ئەکتەری ئەو شانۆگەریە .

جەماوەری کوردستان چاک ئەو راستیە دەزانن کە لە سایەی رژێمێکی بیروکراتی شۆڤێنی وەک رژێمی بەغدادا هەرگیز مافی رەوای گەلەکەیان بەدی نایەت . ئەو راستیەش چاک ئەزانن رژێمێک کە بڕوای بە بەرزترین مافی ئازادی و دیموکراتی نەبێت ، رژێمێک کە زیاتر لە (١٤٠٠) گوندی کوردستانی راگوێزرابێت بەمەبەستی دروست کردنی پشتێنی عەرەبی ... و سەدان ناوچەی کوردستانی وەک خانەقین و زەنگاو و شێخان و کەرکوک ... بەعەرەب بکات ، رژێمێک کوردستان لە رووی ئابوری و کشتوکاڵ و کۆمەڵایەتیەوە بە دواکەوتوویی بهێڵێتەوە بەمەبەستی هێشتنەوەی کوردستان لە رووی ئابوریەوە بە پاشکۆی ئابوریەکەی خۆیەوە و کوردستانیش بکاتە بازاری ساغ کردنەوەی سەرمایەداریە دەوڵەتیەکان ، رژێمێک دژی ئەدەب و هونەر و کەلەپور و فەرهەنگی کوردی بوەستێت ، رژێمێک بە هەزاران کرێکاری کورد بۆ خواروی عێراق رابگوێزێ و بە هەزارانی تریش لە کوردستاندا بێ کار بکات وسەدانیش لە زیندانە تاریکەکانیدا توند بکات ، رژێمێک لە سەر بناغەی دەزگا جاسوسی و تیروریەکان هاتبێتە کایەوە ، تەنها لەبەر مانەوەی دەسەڵاتی خۆی دەیان هەزار رۆڵەی گەلانی عێراق بکاتە سوتەمەنی قادسیە دۆڕاوەکەی ، دەبێت لەژێر سایەی رژێمێکی وەهادا ئەنجومەنێکی وەک ئەنجومەنی بەناو یاسادانانی بۆ گەلەکەمان لێ رەچاو بکرێت ؟.. جگە لە نۆکەرایەتی و ئەڵقەلەگوێی بەولاوە .

ئەوەتا ئێستاش هەر ئەو خۆفرۆشانەن کرێکاران و رەنجدەران و کاسبکاران و ماڵان و بازار تاڵان دەکەن بۆ [illegible] .

ئەی جەماوەری شۆڕشگێری کوردستان

هەر بە پشتگیری و ... بوونەوەی ئێوەی قارەمان و هێژا لە دەوری ئاڵا سورەکەی شۆڕشی نوێخوازی گەلەکەمان بەرابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان گەشەی کردوە و پێی ناوەتە قوناغی پەلاماردان و هەڵتەکاندنی بنکەو دامودەزگاکانی رژێم . هەربە پاڵپشتی ئێوە بوو لە راپەرین و مانگرتنە پڕ شکۆکانی بەهاری ١٩٨٢ دا ... بوو بە رژێم دادرا و ناچار بوو داواکاریەکانتان جێ بەجێ بکات .

ئێستاش بە مانگرتنی بەشداری نەکردنتان لە هەڵبژاردنە گاڵتەجارەکەی ئەم جارەی رژێمدا نۆکەرو ئەڵقەلەگوێکانی ریسوا ئەکەن و بەرەو سەرەنوێکی مێژوو دەیان بەن .

دەبا رۆژی ٥/ ئاب بکەینە رۆژی مانگرتنی گشتی بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنە ساختەکەی رژێمی بەغدای گەندەل .

یەکێتی نیشتمانی کوردستان
کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستـــــان
ڕێکخراوی سلێمانی

## گویزانەوەی شەڕ بۆ ناوچەکانی کوردستان
## پیلانێکی تری ڕژێمە داگیرکەرەکان دیاری دەکات

ئەی جەماوەری شۆڕشگێڕی کوردستان

ئەمڕۆ لە کوردستاندا کەسێک نییە لە پیلانەکانی ڕژێمی بیروکراتی ڕاستڕەوی بەغدا بێ ئاگا بێ ، کە بۆمەبەستی سڕینەوەی ڕوخسار و کەلەپوری نەتەوایەتی گەلی کوردمان و سەرکوت‌کردنی بزوتنەوە ڕزگاریخوازانەکەی و دابڕینی جەماوەری شۆڕشگێری خەلکی کوردستان لە شۆڕشی نوێخوازی گەلەکەمان دەیگێڕێ ..... ..... ئەوەتا ڕژێمە داگیرکەرەکانی عیراق و ئیران بەمەبەستی زیاتر خاپورکردنی کوردستان و دەربەدەر کردنی دانیشتوانەکەی شەڕە ناڕەواکەی خویان بۆ کوردستان دەگوێزنەوە هەتا سەر - جەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان وەک شارە خنجیلانەکەی پێنجوێن و ئوردوگای زۆرەملەی ڕاوگان و چەندین گوندی تری ناوچەکەی هەردوو دیوی ووڵاتەکەمان بکەنە خوراکی شوفل و تانک و فرۆکە مەرگ سەپێنەکانیان و خاپور و کاولی بکەن و دانیشتوانەکەی دەربەدەر بکەن .

هەر بە هەمان بیر و بۆچونی شۆفێنیانەیان و بۆ دابڕینی جەماوەری کوردستان لە شۆڕشە نوێ خوازەکەی . ڕژێمە ڕەفتار فاشیەکەی بەغدا بڕیاری سوتان و کاول کردنی هەمو ئەو گەرەک و گوندانە دەر ئەکات کە تیایدا ( ی.ن.ك ) زەبری کوشندە لە سوپا داگیرکەر و جاش و جلکاوخۆرەکانی بدەن .

بەلام ئەوەی مایەی دلخۆشیە و ئەوەی خۆری سەرکەوتنی لێ بەدی دەکرێ ئەوەیە لەکاتێکدا ڕژێمە ڕەفتار فاشیەکەی بەغدا بە ئاگر و ئاسن و تانک و فرۆکە مامەڵەی جەماوەری بەوساوەی خەلکی کوردستان دەکات ئەوان بە باوەڕێکی بەهێزتر و پتەوترەوە زیاتر ئامادەیی خویان لە هاوکاری کردنی شۆڕش و (ی.ن.ك) دەر دەبڕن و چاکتر ڕۆلە قارەمانەکانیان لە ئامێز دەگرن و سەرکەوتنەکانیان بۆ مسۆگەر دەکەن .

ئەوەتا لە کاتێکدا ڕژێمە بیروکراتە ڕاستڕەوەکەی بەغدا بە توندترین شێوە مامەڵەی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان دەکات و بە نامەرواترین شێوە دەیان چەوسێنێتەوە و هەمو توانایی بۆ کپ کردنی گیانی شۆڕشگێرانەیان خستوتەگەر ..... ..... کرێکارانی کارگەی جگەرەو پوختەکردنی توتنی سلێمانی توندتر ڕق و توڕەیی و نارەزایی خویان بە ڕوی داروددەستە دابلوسێنەرەکەی ڕژێم دا دەدەنەوە و مان لە کارکردن دەگرن و داوای مافی خویان بە ڕەوتی گەلەکەیان دەکەن .... هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن بەدەستی دەهێنی و دەسەلاتی ڕژێم لە ناوچەکانی کوردستاندا ڕادەمالی و سەرکەوتنەکانی ڕوژانەی (پ.م) ە قارەمانەکان و سەرکەوتنە مەزنەکەی ناوچەی خوشناوەتی بەلگەی ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن .

دەبا دوژمنان و داگیرکەران ئەو ڕاستیە چاک بزانن . گەلێک خاوەنی ئەو ڕۆلە قارەمان و گیانبازانە بێ ، گەلێک خاوەنی ئەو پێشمەرگانە بێ ، گەلێک هێندە تینوی ڕزگاری بێ ، گەلێک کرێکاران و چەوساوەکانی هەلگری بیری شۆڕشگێرانە بن ، هەرگیز ئەو گەلە بە داگیرکەران لە ناو ناچی ، هەرگیز کرێکاران ڕەنجدەرانی ئەو گەلە مافی چینایەتی و نەتەوایەتیان پێ پێشێل ناکرێ .

پتەوتربێ خەباتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان
سەرکەوتوبێ شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان

کومەلەی ڕەنجدەرانی کوردستان
ڕێکخراوی سلیمانی
٣٠ / ١٠ / ١٩٨٣

## مانەوە و چۆڵ نەکردنی گـــوند و گەڕەکی شـــارەکان
## بەرگری کردنە لە ڕاگـــوێزان و کاول کردنی کوردســـــتان

ئەی جەماوەری شـــورشگێری کوردســـــتان

فاشســـتەکان گەرەکیانە لە ژێر بالی ڕەشی شەرە نازەواکەی خویاندا بیر و بوچونی شوفێنی ورەگەز پەرستانەی خویان لە دژی گەلەکەمان توندوتیژتر بکەن .. کوردستان خاپوور و ویرانتر بکەن .. سیاسەتی ڕاگوێزکاول کردن فراوانتر بکەن .. هەر بویە زیاتر بە ئەنجام گەیاندنی مەبەستە گلاوەکانیان کوردستانیان کردە گوڕەپانی شەرەکاول کاریەکەیان ، تا زیاتر بە لولەی توپە قورسەکانیان و فروکە مەرگ ـــ سەپێن و کەلبەی جوقلەکانیان هەرەشەی قەلاچوکردن و خاپورکردنی دەیان گوند و شاروچکەی تری وەک شـــارە خنجیلانەکەی پێنجوێن و قوردوگای زورەملەی ڕاوگان و گوندەکانی حاجی مامەندو دولبەمودەیان گوندی تر بکەن .

هەربو هەمان مەبەست و بەخەیالی خاوکردنەوەی گیانی شورشگێری جەماوەری ڕەنجدەروستەم دیدەی کوردستان و کەم کردنەوەی هێرشی پالەوانانەی ( هـ . پ . ك ) بو سەر هێزە داگیرکەرەکانیان . وە هەوازێکی نوی تری گرتوتەبەر ، هەرەشەی خویان بوکاول کردنی چەن گەرەکێکی شارە هەرگێزنەبەزەکەی سلیمانی ڕاگەیاند

ئەوەبو لەشەوی ٢٩/٣٠ / ١٠ / ١٩٨٣ دا ئاگرو ئاسنی بەسەر خەلکی بێ دیفاعی گەرەکی وولوبەدا باراندو چەندین منال و لاو ئافرەتی شەهید و بریندارکرد . وەلەشەوی ١٢/١١ / ١١ دا بە هەمان شێوە توپبارانی گەرەکە خوراگرەکەی شەهید بەگی کردو چەندین هاووولاتی بێ دیفاعی تری هاوڕەکەمانی شەهیدو بریندارکردو دەیان مالیشی کاول و ویران کرد ، وەبەنیازیشە ئەوکردەوە درندانەیەی لەسەرجەم گەرەکەکانی شـــارە ـــ خوشەویستەکەماندا جێ بەجێ بکات و شارەکەمان بەجاری ویران و خاپور بکات و خەلکە بێ تاوانەکەشی وێڵ و ســـەرگەردان بکات ..

ئەی جەماوەری شارە خوراگرەکەی سلیمانی .. ئەی ڕولە نەبەزە چاونەترسەکانی کوردستان لەوەها کاتێکدا بەرگری کردن لەمان و نەهێشتنی کاول کردنی شارە خوشەویستەکەمان ئەرکی سەرشانی هەموو ـ کەسێکی دلسوز و بەشەرەف و نیشتمان پەروەرێکە . ئەرکی سەرشانی هەمو چین و توێژ و تاقمە شورشگێرەکانی گەلەکەمانە زیاتر خەباتی شورشگێرانەی جەماوەری خویان جوش بدەن و بەئەقسەر درێژی و باوەر بەخو بوون و خوراگریەوە بەرگری لەشار و دیهاتەکان بکەن و مال و خانو و گوند و گەرەکەکانیان چول نەکەن و تورەیی و نارەزایی خویان بەمان گرتن و خوپیشاندان بەڕوی داروودەستە خوێنمژەکەی ڕژێمدا بتەقیننەوە ..

بوا رەدەن پیلانە گلاوەکانیان بەسەرتانا جێ بەجێ بکەن .... هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەهەمو توانا وە پشتگیریتان لی دەکات و بەلێن یان داوە هەمو بستێکی کوردستان لەژێر پێی داگیرکەراندا بکەنە پشکوی ئاگر و نەیەلن تیایدا بســرەون .. بەلێن تان بو نوی دەکەینەوە لە تولەی هەر تاوانێکی داگیر ـــ کەراندا دەیان سەدان جەللاد و جەتوکیش و نوکەروقەلەقەلەگوی کانیان بەسزای گەلو شورش بگەیەنین .. بریـــار بی ...... بریار لە تولەی هەر گەرەك و گوندێکی وویران کراودا و لە جێی هەر دلوپی خوێنی ـــ شەهیدان دەقات تولە لە فاشست و داگیرکەران بسێنین و دەست لەویران کردنی مال و قەلاچوکردنی خیزانە ـــ کانیشیان نەپارێزین .... دلنیاین سەرکەوتن هەر بو هێزی زەوەندی گـــەلە .

سەرکەوتن بو خەباتی شورشگێرانەی گەلەکەمان

مردن ڕمان بو ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان

یەکـــێتی نیشـــتمانی کـــوردســـتان

کومەلەی ڕەنجـــدەرانـــی کوردســـتان

ڕێکخـــــــراوی ســـلیمانی

١٥ / ١١ / ١٩٨٣

کـــوردەك

ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی جیهان یەکگرن

ڕێکخراوی ســـلێمانی

بەرەو گەشە پێدانی کۆمەڵەو یەکخستنی هێزە ڕزگاریخوازەکانی گەلەکەمان

لە پێناوی ســــەرخستنی شۆرشی ڕزگاری نیشتمانی کوردســـتاندا

بۆ / گشــت کەرت و پۆل و شـــانە تێکۆشـــەرەکانی ســـنووری چالاکیمان

ســـــــــلاوێکی شـــــــــۆرشـــــگێرانە

هیوادارین هەردەم ســـــەرگەرمی خەباتی بێ وچان بن •

هاوڕێیانی تێکۆشـــــەر

لەم نووسینەماندا تەواوی چۆنیەتی گفتوگۆمان لەگەڵ ڕژێمی بەغدا بۆ ڕوون دەکەینەوە ، ئاگادار تان دەکەین لە سەر چۆنیەتی سەرەتای دەست پێکردنی گفتوگۆ و مرحلەی ئێستاتان بۆ ڕوون دەکەینەوە بەپێی ئەو نووســـراوانەی تا ٥ / ١٢ / ١٩٨٣ وە لەناوەندی بەرێزەوە پێمان گەیشتوە •

ڕژێمی بەغدا ئەم ساڵ بە درێژیی چەند جارێك ناراستەوخۆ بە هۆی لێپرســراوانی ( حدکا ) وە لە وانە د • قاســـملو ، وە ڕاســـتەوخۆ بە هۆی هەندێ خەلکی سەربەخۆی پەیوەندی بە سەرکردایەتیەوە کرد بۆ دەست کردن بە گفتوگۆ و ناردنی وەفدی ڕەســـمی بۆ بەغدا ، یا هاتنی وەفدی ڕەســــمی ئەوان بۆ کورد ســـتان وەهەندێ نەرمی و مرونەی زیاتر لە هەڵوێست و قسەکانیاندا بوە لە چاو جارانددا ، بەلام لەلایەن سەرکردایەتیمانەوە ڕەفزکراوە لەو هەل و مەرجەدا •

بەلام لە ناوەراستی مانگی تشـــرینی دووەمدا و پاش هەڵســـەنگاندنی هەل و مەرجی نوێی کوردستان و ناوچە کە بە گشتی و شەری کاول کاری عێراق و ئێران ڕەنگ و کردنی باری شۆرشی کوردستانی [redacted] ، هەڵـەنگاندنی هەمو لایەنەی باری ئێســـتای کوردستان لەلایەن ئەندامانی سەرکردایەتیمانەوە بریار درا دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم دا نەخرێ ••••

ئیدی لەدەوروبەری ٣٠ / ١١ / دا ڕژێم [redacted] د • قاســـملو [redacted] دوبارە ـــ داوای گفتوگۆی کرد لە گەڵمان دا • سەرکردایەتیش ئامادەیی خۆیان نیشان دا و هەر لەگەڵ ئەو [redacted] دا هاوڕێ فریدون لە ٢٢ / ١١ دا بەری کراو چەند خالێکی سەرەتایی بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆکردن درا یە - لەکوتایی مانگی تشرینی دووەمدا هاوڕێ فریدون گەڕایەوە و ئامادەیی ڕژێمی ڕاگەیاند بۆ دەستکردن بەگفتوگۆ ، لە هەمان کاتدا داوای ناردنی وەفدیان کردبو ، ئیدی لە ٤/ ١٢ دا وەفدێکی گەورە بە سەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلالی بەرێز کە پێکهاتبون لە هاوڕێیان ( فریدون ، مەلابختیار ، ملازم عمر ، سید کریم ، قادری حاجی علی ڕێکەوت عثمان و هەڤالان د • غفور و هەروەکەتی حاجی مەیر ) بەری کران بۆ بەغدا • تالەوێ بتوانن مناوەرەبکەن و بزانن ڕژێمی بەغدا چی ئەدەڵێنی ، ئەوکاتە لە قۆناغی دوایی تردا و پێچ برینەوەی دوا بریار کۆبونەوەی فراوانی کادرانی سیاسی و عەسکەری ( ی • ن • ك ) دەکری و دوا بریار لەو ڕووەوە دەدرێ •

ڕێکخراومان لەم ڕووەوە هەنگاو بە هەنگاو ئاگادارتان دەکاتەوە و گفتوگۆکەی بەهاوڕیان ڕادەگەیەنێ تێبینی بەکی گرنگ •

بە هەمو ئەندامان و پاڵپوراوان و [redacted] لایەنگران و دوستان و دلسۆزانمان ڕادەگەیەنین کە پێویســـتە لەم هەل و مەرجەی ئێستادا لە کاتێکدا دەرگای گفتوگۆ کردن کراوەیە لەگەڵ ڕژێم توندتر پارێزگاری پاراســتنی نهێنیەکان و هێوەی خەباتی [redacted] نهێنی و ژێر زەمینی بکەن و نەهێلن گیانی خۆ دەرخســـتن و بەرەلایی و کەم تەرخەمی بەسەرماندا زاڵ ببێت • پێویســـتە مەرکەزیەت و دیســـپلینی ڕێکخستن چاکتر جێ بەجێ بکرێت و ئیلتزامی پێوە بکەن •

پێویستە هەواڵ و بریارەکانی ڕێکخســـتن بگەنە سەرپاوەی لێدوان و لێکۆلینەوەو وەرگرتنی هەڵوێست لەم ڕووەوە داخوازیین هەر پێشنیار و بۆچون و هەڵسەنگاندنێك هەیە لەم ڕووەوە ئاگادارمان بکەنەوە •

بۆ پێشـــــــەوە

ڕێکخراوی ســـــلێمانی
٨/ ١٢ / ١٩٨٣

یەکێتی ماموستایانی کوردستان دەکەین کە نوێنەری ڕاستەقینەو جێی باوەڕی ماموستایانە . هەروەها داوای خوش کردنی زەمینەو بارو دوخی دیموکراتی دەکەین بو ئەنجام دانی هەڵبژاردن . کە هەرگیز لە سایەی ئەم بارو دوخەی ئیستادا و لەژیر باڵی دەزگا توقێنەر و داپلوسینەرەکاندا بە ئازادی ناکریت .

هەروەها بە توندی سەرنجی کاسەلیس و پوتە بێواتی دەزگای کارتونی میری ڕادەکێشین کە هەڵی خو ڕاستکردنەوە لەدەست نەدەن و خویان نەکەنەوە بە ئالەتی تزویری خواستی سەربەست و ئازادی ماموستایانی کوردستان و خویان ڕزگار کەن لەو چارەنوسە ڕەش و پڕ ڕوو زەرد یەی چاوەڕوانیان دەکات سەرەڕای نەفرەت و سزای سەختی گەل .

سەرشوری بو نوکەران و خوفروشان

سەروەری بو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان

هەر سەکاوەبێت ئالای خەباتی یەکێتی ماموستایانی کوردستان

یەکێتی ماموستایانی کوردستان

سکرتاریەت

سەرەتای/ کانونی دووەمی / ١٩٨٤

(( ئەی کریکاران و گەلانی زورلیکراوی دونیا یەکگرن ))

ئیمرو لە کوردستانی داگیرکراو و دابەشکراودا لە کوردستانی کلیە سەندو ... پەریودا لەگەل شالاوی کاول کردن و ویران کردندا کریکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان لە هەل و مەرجیکی سەخت و دژواردا شان بەشانی هەموو کریکارانی جیهان یادی ئەوەی حەوت سالەی راپەرینی دلیرانەی شاری شیکاگوی ئەمریکا دەکەنەوە کە لە یەکی ئایاری سالی ١٨٨٦ نیو ملیون کریکار رژانە سەر شەقامەکانی شارو دەستیان لە کار هەلگیرت و خوپیشاندانیان سازکرد دژی باری گرانی چەوسانەوەی سەرمایەدارەکان... داوای کەم کردنەوەی سەعاتی کارکردنیان کرد بو هەشت سەعات و خوش کردنی باری ژوزەرانیان سەرمایەدارە چەوسینەرەکان ئەمەیان بە تاوان لەقەلەم داو قەسابخانەیان بو کریکارانی شورشگیرەکان دامەزراندو بە تاگرو تاسن وفرتو فیل و پلان راپەرینەکەیان دامرکاندو دادگایەکی ساختەیان سازکردو لە ئەنجامدا ( ئوگوست سپینز ) و ( ئەلبیرت پارسونز ) و ( ئەدولف فیشەر ) و ( جورج ئەنگل ) چوار سەرکردەی راپەرینەکەیان لە سیدارەدا .

سالی ١٨٨٩ لە کونگرەی یەکەمی ئینتەرناسیونالیستی دووەم دا لەسەر پیشنیاری ئەنگلس بریاردرا یەکی ئایار بکری بە روژی بیرەوەری و ئاهەنگ گیران و خوپیشاندانی هەمو کریکارانی دونیا .

ئەی کریکاران و رەنجدەرانی کوردستان و عیراق
xxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxx

لەم روژە پیروزەدا یادی راپەرین و مانگرتنە مەزنەکەی گاوورباغی کریکارانی کارگەی نەوتی کەرکوکی سالی ١٩٤٦ بکەنەوە .

راپەرین و مانگرتنی سالی ٩٣٠ – ١٩٣١ کریکارانی هیلی شەمەندەفەرتان لە یاد بی .

یادی شورشی ١٩٢٠ دژی داگیرکەری ئینگلیز نوی کەنەوە .

رژیمی دیکتاتوری فاشی بەغدا لەناو بەرن ئەو رژیمەی لەسەر بناغەی چەوسانەوەو خوین مژین دامەزراوە ... ئەو رژیمەی خوینی سەدان کریکاری بە ناحەق رژاندوە .

ئەی کریکاران و رەنجدەرانی کوردستان
xxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxx

دەیان ( سپینز و پارسونز و فیشەر و ئەنگل ) تان لە قەسابخانەی موسل و بەغدا لە سیدارە دراون بن تاشە بەردو دەوەن نەماوە رولەیەکی قارەمانی گیانبازتان تیدا شەهید نەکرابی هیزتان یەك خەن و لە دەورەی ئالای کومەلەی رەنجدەرانی کوردستان کوبنەوە بو بەدی هینانی پارتی پیشرەوی چینی کریکاری کوردستان .

بیری مارکسیزم – لینینزم چرای روشنکەرەوەی ریگای خەباتتان بی بو وەرگرتنی مافە زەوت کراوەکانتان .

بژی خەباتی کریکاران و گەلانی زورلیکراوی جیهان
بژی یەکی ئایار روژی هاوکاری و راپەرینی کریکارانی جیهان
بژی ئینتەرناسیونالیستی پرولیتاریا

کومەلەی رەنجدەرانی کوردستان
ریکخراوی /٢ دوو
١ / ئایاری / ١٩٨٣

ئەو رۆژە دەگەینە رۆژی تێکۆشانی
جەماوەری و نیوتی بەغدا شتەکان دادەدەین

جەماوەرانی بەشەرەف

هەموو ساڵێك لەم رۆژەدا بانیەتوانی کوردستان یادی ئەو سەرکەوتنە مەزنە دەکەنەوە کە کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان لە ئەنجامی ئەو راپەرینە قارەمانەیاندا بەرابەرایەتی کاوەی ئاسنگەرو رەنجدەر بە دەستیان هێنا بە تێکۆشانی جەماوەرانە قەڵای زۆرداریان رماندو کوتاییان بە حوکمی خوێن مژو چەوسێنەری زوحاك هێنا و مەشخەلی ئازادی و سەربەستیان لە چیاسەرکەشەکانی کوردستانەوە بەرزکردەوە و رۆژێکی نوێیان بۆ خۆیان و نەوەکانی دوارۆژ هێنایەدی ·

جەماوەرانی تێکۆشەر

ئێستاش رژێمە رەگەزپەرست و رەفتار فاشستەکەی بەغدا زیاتر لە حوکمی خوێن و تاوانی زوحاك کەوتوتە مژینی خوێنی گەلانی عیراق ، ئەوەتا لە ئەنجامی سەپاندنی شەڕی کاولکاریاندا و لە پێناوی خواست ویستەکانی خۆیدا رۆژانە سەدان رۆلەو هەزاران هەزار دیناری عیراقی دەخاتە گەرووی ئەژدەهاکی قادسیە دوراوەکەیدا ، لەسەرئەنجامی بەفیرۆدان و پەخش کردنی سامانی وولاتەکەمدا رۆژ لە دوای رۆژ باری ئابووری رووەو رمان لەناوچوون دەچێت و باری ژیان و گوزەرانی جەماوەر یش رۆژ لە دوای رۆژ گرانترو دژوارتر دەبێت ، داروودەستە خوێنڕێژەکەی سەرکۆشکی فەرمانڕەوایش لە پێناوی درێژدان بە حوکمی خوێناویان و هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە ئابوریکانیان کەوتوونەتە فرۆشتنی کارگەو کارخانەو کەلو پەلی دائیرەو دەزگاو دامەزراوەکان و دەرکردنی کرێکاران و لە کارخستنی فەرمانبەران و کەم کردنەوەی موچەو رۆژانەیان و باربوکردن و باج وەرگرتنێکی لە رادەبەدەر لە گشت چین و دەستە چەوساوەکان و ، هەروەها بەرزکردنەوەی نرخی کەل و پەل و پێداویستیەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵك بە شێوەیەك کە گوزەرانی جەماوەری رەنجدەران و زەحمەتکێشان لە ئاستێکی زۆر نزم و مەترسیدایە ، ئەمانەو چەندان دیاردەی ترو کردەوەی داروودەستە خوێنڕێژەکەی صدام تکریتی هێندەی تر باری ژیانیان لە بەردەم خەڵکی ناوچەکەدا تاڵ و گران کردوە ·

جەماوەرانی کۆڵنەدەر

سەرباری هەموو ئەمانەش رژێمە رەگەز پەرست و رەفتار فاشستەکەی صدام بەردەوام لە کوردستاندا بە ئاگرو ئاسن مامەڵەی تێکۆشەران دەکات و هەر دووره لەسەر [illegible] سیاسەتی رەگەز پەرستانەی خۆی لە کوردستاندا ، ئەوەتا لەلایەك بەردەوامە لە دەرکردن و لەکارخستنی کرێکارانی کوردستان و راگوێزانیان بۆ خوارووی عیراق و لەلایەکی تریشەوە دەستی کردوتەوە بە بەزۆر بەعسی کردنی مامۆستایان و رووناکبیرانی گەلەکەمان بە مەبەستی شێواندن و تواندنەوەی مێژو و ئەدەب و رووناکبیری کورد · لە بواری خوێندنیشدا بە جارێك مێژوو داستانی پڕ قارەمانێتی گەلەکەمان و جوگرافیای دیارو ئاشکرای نیشتمانەکەمانیان وەلاوە خستوەو خوێندکارانی کوردیان لە رابردوی گەل و نیشتمانەکەیان بێ بەری کردوە ·

جەماوەرانی هێژا و سەرکەوتوو

دەبا هەموومان بۆ تەمێکردنی چەوساندنەوەو هێنانەدی رۆژێکی نوێ و سەندنەوەی مافــــە ئازادی و دیموکراتیکانمان رۆژی نەورۆز بکەینە رۆژی تێکۆشانی بە ئەمەری گەل و نارەزایی و تورەییمان لە دژی رژێمی ئاگرو ئاسن و بەهاوکوژ ، و خەباتی جەماوەریانە سازکەین بۆ لەناو بردنی قەڵای زۆرداری و زوحاکی سەدەی بیستەم و هێنانە کایەی رۆژێکی نوێی پڕ ئاسودە بــــــۆ گەلەکەمان ·

سەرکەوتوو بێ خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەل
مردن و سەرشۆری بۆ دوژمنان و داگیرکەران

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

رێکخراوی سلێمانی

١٩٨٣/٣/٢١

# ئافرەتانی کوردستان یادی مەزنی هەشتی ئازار دەکەنەوە

ئەمرۆ (١٠٦) هەمین مەشخەڵی یادی ڕۆژی ئافرەتان لە سەرتاسەری دونیادا دادەگیرسێنرێ، ڕوشنایی مەشخەڵێکی تر دەخریتە سەر خەباتی پرشکۆی ئافرەتان و ڕۆڵی مەزن و کاریگەریان لەبەرەو پیشەوە بردنی مروڤایەتی دا دیارتر دەکات، ریبازی خەبات و تیکوشانی ئافرەتە شورشگیرەکانی دونیا روناکتر دەکاتەوە، ئەلقەیەکی تر لە کوت و پابەندی ئافرەتان دەپسێنی، ئافرەتانی نەتەوەی ژیر دەست و گەلە ستەم دیدەکان بە خەبات و تیکوشان ئاشناتر دەکات.

ئافرەتانی کوردستانیش، کە هەرگیز دا بڕاوی خەبات و تیکوشانی پڕ شانازی گەلە چەوساوە و داگیر و دابەش کراوەکەیان نەبون و هەمیشە هاوشان و هاوخەبات لەگەل نیوەکەی تری کۆمەل بەشداری خەباتی نەپساوەی گەلەکەیان کردوە و بەشانازیەوە رولی پڕ قارەمانیتی خویان لە میژووی بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلەکەیاندا دیاری کردوە.

ئەمروش بە شانازیەوە یادی (١٠٦) سالەی ڕوژی ئافرەتانی جیهان دەکەینەوە و سەری ریز و نەوازش لەبەردەم قارەمانیتی شەهیدان خوشکە لەیلا و ستەوبەر و عەینە و دەیان شەهیدی تردا دادەنەوێنین و مەدالیای شکۆمەندی و مەزنیەر، بەیەخەی سەدان هەزار ئافرەتی تیکوشەر و شورشگیری تری، هەمان ریبازدا هەلدەواسین.

مەزن تربی خەباتی ئافرەتانی کوردستان

ریکخراوی سلیمانی
کەرتی شەهید لەیلا
٨ - ئازار - ١٩٨٤

ئەی جەماوەری بەشەرەفی کوردستان

ئاشکرایە هونەرمەندانی کورد هەمیشە رۆڵەی دڵسۆزی ئەم نەتەوەو خاکەبوون وخویان بەویژدانی میللەتزانیوە ، بویە چ بەگوفتارو چ بەرەفتار وکرداروبەرهەمەکانیان بوخزمەتکردنی ئامانج و ئاواتی مروڤی کورد تەرخانکردوەو لەدژوارترین روژگاری میژووی ئەم نەتەوەیەهەمیشە لەسەنگەری کوڵنەدانو لەبەرەی نەتەوەکەیان بونەوخەون وئاوات و ئیش وئازاری نەتەوەکەیان چاوگی راستەقینەی بەرهەمی هونەریان بوە •

ئاشکراشە دوژمنانیترئەم هەڵویستەی هونەرمەندانیان پی ناخوش بوەو سەغڵەتی کردون بویە چەندەهەی جوراوجوربیتوچەترساندن و توقاندنیا بەتەماع خستنەبەر ویستویانە سەنگەری نیشتمانپەروەری بەهونەرمەندان چوڵبکەن و بیانخەنەژیر رکێفی خویان ، بەڵام هونەرمەندانی ئازا ونیشتمانپەروەری کوردستان هەموئەونەخشەو پیلانانەیان پوچەڵ کردەوەویالەوانانەبەرامبەرهەمو هەرەشەو گورەشەی دوژمنانوەستان و سەربوڵندسەرهەڵویستی نیشتمانپەروەرانەی خویان و بەرهەمەکانیان زیاتر لەناودڵ ودەرونی جەماوەری کوردستاندا رەگیداکوتاوە و هونەریان وەکو چەکێکی کاریگەرخستوتەکار بوخزمەتکردنی ئامانجە پیروزەکانی نەتەوەی کوردمان •

ئەی نیشتمانپەروەرانی کوردستان

ئالەم روژانەدا کەتێکڕاهونەرمەندانی جیهان بەبونەی ئاهەنگەکانی روژی شانوی جیهانەوە بەوپەری سەربەستیەوەبەرهەمی خویان پیشکەش دەکەن و پەئازادیەوەبیرورای خویان دەردەبرن وگوڵی ریزلیگرتنو مەدالیای ئافەرین پەخەیان دەرازینیتەوە ،ئالەم روژانەداهونەرمەندانی کوردلەلایەن لیپرسراویکی نامەسئولی میریەوەلەبری ریزگرتن وئافەرین توشی پەلاماردان وئیهانەکردن وگواستنەوەودورخستنەوەدین بەتایبەتیش ئالەم بارودوخەی ئیستای کوردستاندا •• دیارە ئەم کارە نالەبارانەی ئەوچەند لیپرسراوە هەلپەرستوگومرایانە بەهیچ جوریك خزمەتی یەکیتی نیشتمانی عیراق ناکات و لەگەل ئەم بارودوخەی ئیستای کوردستان ناگونجی و دەیانەوی ریزەکانی گەل تیك بدەن و ئاژاوە بنینەوە چونکە ئەم بارودخەنوێیەی کوردستان لەگەل ئازانج و بەرژەوەندی تاکەکسی و تایبەتی ئەوان ناگونجی بویە هەولی تیکدانی وەزعەکە ئەدەن بەتایبەتی لەرێی پەلاماردانی هونەرمەندانی نیشتمانپەروەر •

یەکیتیمان یەکیتی هونەرمەندانی کوردستان کەخوی بەنوینەری راستەقینەی هونەرمەندانی کوردستان دەزانێ و ئەرکی داکوکی کردنی لەهونەرمەندانی دەکەویتەئەستۆ ناتوانێ بەرامبەر ئەم تاوانە بیدەنگ بیت بەڵام لەرواتگەی هەستپیکردنیبە لیپرسراوی و لە پیناوی ئەوەی دەستپیدەکەری لە تیکدانی ئەم بارودوخەی نەکات و توشی ئەوداوە نەبیت کە ئەوکاربەدەستانە دەیانەویت ئەویش نانەوەی ئاژاوەو ئاشوبە • بەپشوی دریژەوە دانی بەخودا گرتوە و داوا لەهەمو لایەنیك دەکەین بەپەلە هەنگاو بنین بو راگرتنی ئەم کارە نالەبارانەو گیرانەوەی هونەرمەندان بو شوینی خویان و سزادانی ئەو کەسانەی ئەم تاوانانە هەلساون و ئەگینا ئەگەر بیت ئەم کارانە هەروا بەردەوام بیت ناچار دەبین هەروەك کورد ئەلی (( جام کە پربوو لێی ئەرژی )) ناچار دەبین ئیمەش لەلایەن خومانەوە بەرەنگاری ئەو تاوانبار و تاوانانەببینەوە ئەوسا میشی هەرچیەك بیت ئەوا ئیمە بەرامبەری لیپرسراونین •

ئەی جەماوەری بەشەرەفی کوردستان ••••••• ئەی نیشتمانپەروەرانی کورد ••••••• ئەی ئەدیبان و روناکبیرانی کورد •••••••• ئەی ماموستا دلسوزەکان •••••••• قوتابیانی ئازاو نەبەرد • پشتگیری و هاوکاری هونەرمەندانی نیشتمانپەروەرانی خوتان بکەن و بو ئەوەی چیتر بوار نەدەین ئەو هەلپەرستانە دریژە بەکاری نامروڤانەیان بدەن •

دەبا هەمو پیکەوە بەیەك دەنگ یەك هەڵویست بین بوریسواکردنی هەلویستی ئەوتیکدەروگیرەشیوینانە •

پیروزی و شکۆمەندی بو ئەو هونەرمەندانەی لەپیناوی پاراستنی هونەری کوردی رەسەن وەکو چیا سەرکەشەکانی کوردستان روو بە رووی دوژمنان دەوەستن •

ریسوایی و سەرشوری بو ئەوکەسانەی دەیانەوی هونەری کوردی رەسەن لەری رەوی راستەقینەی خوی لابدەن •

هەربژی هەڵوێستی خوراگری هونەرمەندانی کورد •

یەکیتی هونەرمەندانی کوردستان
کومیتەی بالا
١٩٨٤ / ٣ / ٣١

٦

هاوولاتیانی بەڕێز

خوێندکارانی کوردستان لە ڕووی دەرکردنیاندا ڕێگەو شێوەی هێمنانە و دوور لە ئاژاوەیان هەڵبژارد بۆ دەربڕینی ناڕەزایی خۆیان وە بە أصولی داوای الغای بڕیاری دەرکردنی خۆیان دەکەن ، کەچی ئەوە لەلایەن هەندی لایەنەوە خراپ تۆزراوەتەوە و کراوەتە مظاهرە و شێوەی توند و تیژ ، کەبێ — گومان ئەوە هەم زیان لە کۆمەڵانی خەڵك و هەم زیان بە مەسەلەی خوێندکاران دەگەیەنی وەلە خوێنی ڕۆڵەکانمان ئەڕژی . وەك لەم دوو ڕۆژەدا ڕووی داوە بیانو ئەداتە دەست خەڵکی داخ لەدڵ کە دەست لە ڕۆڵەکانمان بوەشێنن بۆیە ئێمە بەناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە داواتان لێ ئەکەین لە سەر جادەکان کۆڕ و کۆمەڵ مەبەستن و بەشداری مظاهرە مەکەن و ڕێگا بەکاری سەرپێچی و توند و تیژی مەدەن چونکە لەم هەل و مەرجەی کوردستاندا ئەوکارانە بە زیانی خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە وەهەر دوژمنانی گەل و نیشتمان سودی لێ وەر دەگرن ، تکامان وایە لە تظاهرات و کساری توند و تیژ دوور بکەونەوە و دەرفەت بدەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە ئەو مەسەلەیەی خوێندکاران لە چوارچێوەی مافەرەوا ـ کانی گەلەکەماندا چارە سەر بکات .

یەکێتی نیشتمانی کوردستان
١٤/٥/١٩٨٤

( بانزەی حوزەیران بکەنە ڕۆژی وەرگرتنی هەڵویستی شۆڕشگێڕ لە دژی ڕژێمی سەرمایەداری بیروکراتی ڕەفتار فاشی بەغدا )

ئەی کرێکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان

ڕژێمی سەرمایەداری بیروکراتی ڕەفتار فاشیەکەی بەغدا هەڵپەیەکەم ڕۆژی فەرمانڕەوایی [illegible] کەوتنە. هەڵپەی بە تالان بردنی سامانی سروشتی وڵات و خودەوڵەمەند کردن و دزینی ڕەنجی کاری [illegible] سامانی لەشێوەی ( زیدەبایی ) دا لەکەرتی بەنا و گشتی دا وولاتیان کردە بازاری ساغ کردنەوەی کاڵای [illegible] سەرمایەدارەکان ، هەردەمیش لە هەوڵی ئەوەدان دام و دەزگای سیخوری و خوێن ڕێژی و سەربازی [illegible] [illegible] گیرا وەکاڵی لەسەر حسابی گوزەرانی کرێکارانی کوردستان و عیراق پارەدارتر بن [illegible] [illegible] دریژدانی سامانی عیراقیش لە جەنگی نارەوای ئیران و عیراقدا بو مانەوەی ڕژێمەکەیان [illegible] ژیانی کرێکارانی تاڵ ترکردووە ، بەسەدان کرێکاری ڕۆژانەی کرێکاران و چرتربونی بێکاری [illegible] باری گوزەرانی کرێکاران ..... ...

[illegible] ڕەگەزپەرستیتی ئەم ڕژێمە بەرامبەر گەلی کوردمان ڕادەی چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی [illegible] کرێکارانی کوردستان چڕتر کردوە [illegible] بەسەدان کرێکاری کوردی لە کانەکانی نەوتی کەرکوک [illegible] پروژە [illegible] دەرکردوە لە جێگایان کرێکاری عەرەبی داناوە ، لەبەرامبەر [illegible] [illegible] ڕژێم کەف و کوڵی شۆڕشگێڕی کرێکارانی کوردستانیش تادێت لە هەڵچووندایە و دڵنیاین کەگڕی شۆڕشگێڕیتی کرێکارانی تارەمانی کوردستان کرێکارانی عەرەبی خوارووی عیراقیش دەگرێتەوە و قەڵای [illegible] سەرمایەداریتی بەغدا تێک دەڕوخێ ..

ئەی کـرێـکارانـی بەشـەدەم کوردستان

ڕاپەڕیسان جارێکی تریش ڕژێمی چەوسێنەری سەرمایەداری عیراق لەژێر پەردەی بەنا و دیموکراتی دا [illegible] گاڵتەجاری تر بەنا و هەڵبژاردنی بۆ نەیەنەقابەی کرێکاران دەست پێ دەکات ئەو نەقابەیە [illegible] بیویستە لە خزمەت کرێکاراندابێ بەرگری لە مافە پیشەییەکانیان بکات بەڵام ڕژێمی [illegible] نەقابەکانی تر کردوێتە مەڵگایەک بۆ سیخوری و بێ ڕەوشتی و کوکردنە [illegible] [illegible] دوژمن بەگەل و سەپاندنی کەسانێکی [illegible] تالقەلەگوی بەسەر کرێکاراندا کە [illegible] [illegible] ڕژێمی دەسەڵاتدار و بیروکراتی [illegible] جورەش تا بێت چەوسانەوەی چینایەتی [illegible] ئەم ( مرشحانە ) نوێنەری کرێکاران نەئەو ( نەقابە کارتونیانەش ) لەبەر [illegible] [illegible] بەڵکو تەنها ئەو شانوگەرییە بوبلاوبوانی ڕەفتارە نامرونایەتیەکانی ڕژێمە بەرامبەر [illegible] بەمەبەستی دەرکردن و دورخستنەوە و بێکاری پێ کردنی کرێکارانی کوردستانە [illegible] [illegible] هەمو کرێکارانی کوردستان دەکەین " ڕۆژی بانزەی حوزەیران کەڕۆژی هەڵبژاردنە چاوبە [illegible] ڕژێمە ، هەڵویستی شۆڕشگێرانەی خویان پیشان بدەن و دەنگ بو مرشحەکانی ڕژێم نەدەن [illegible] بەسپلێتی بخەنە سندوقەکانەوە و لایەنی معارضە بگرن ئەگەر ڕژێمیش هەڵویستی توندوتیژی [illegible] پێویستە ئێوەی تێکوشەر بە هەڵویستی شۆڕشگێرانەتر وەڵامیان بدەنەوە دڵنیاشتان دەکەین [illegible] [illegible] یەکخستنی ئێوەی کرێکارانی کوردستانە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەپێناو [illegible] ئێوەی کرێکارە ..

[illegible] لەژێر ئالای سوری کومەڵەدا کە
[illegible] نوێنەری ڕاستەقینەی کرێکارانی کوردستانە

کومەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
ڕێکخراوی سلێمانی
حوزەیرانی / ١٩٨٣

ئەی کرێکاران گەلانی زوڵملێکراوی جیهان یەکگرن

ئورەن

بەرەو گەشە پێدانی کۆمەڵە و یەکگرتنی هێزە رزگاریخوازەکانی گەلەکەمان

لە پێناوی سەرکەوتنی شۆڕشی رزگاری نیشتمانی ـــــــ کوردستـــــدا

بۆ / گشت کەرت و پۆل و هاتەکانی ستوونی چالاکیمان

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە

هیوادارین هەردەم سەرگەرمی خەباتی بێ وچان بن لە پێناوی گەشە پێدان و پتەو کردنی ریزەکانی ریکخستندا .

هاوڕێیانی تێکۆشەر

دیسان رژێمە رەفتار فاشستەکەی بەغدا گەرایەتی لە رۆژی ١٩٨٢/٨/٥ دا هاتوگەرێکی تری پڕ لە ساختە و پیلانگێری سازبکات لە ژێر ناوی هەڵبژاردنی مەجلیسی بەناو یاسادانان لە ناوچەی کوردستاندا . بە گوێرەی ئەکتەرە ئەلقە لەگوێی و چڵکاوخۆرە کۆتەکانی بە چەند سەنوور دار دەستەو دەرەبەگێکی تر . دیارە جەماوەری گەلی کوردستان باش لەو راستییە گەیشتوون کەلەشێبەی رژێمێکی بیروکراتی وابەستەوی وەک رژێمی بورژوای مەحموری فاشستی بەغدا هەرگیز مافی رەوای گەلەکەمان بەدەست نایەت . دیارە رابەرایەتی کردن و رینمایی کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دیاری کردنی هەڵویستی راستی شۆڕشگێڕانە لە دژایەتی کردن و پووچەڵ کردنەوەی هەموو ئەو جۆرە پیلانە ساختانەدا دەکەویتە ئەستۆی ریکخستنێکی راستەقینەی (م.ل) یانی وەک کۆمەڵەمان . بۆیە پێویستە لەسەر هاوڕێیان لایەنگران و دۆستانمان بە گەرمی بەبەربلاوی هەوڵی پووچەڵ کردنەوەی ئەو پیلانە چەپەڵە بدەن و پەنجە لەسەر رووی رەشی ئەو پیلانە ساختەیە هەڵبگرن بەوەی/

١ـ بەدەستی وری بچنە ناو جەماوەرەوە و پێیان رابگەیەنن کە بەتوندی (مقاطعەی) هەڵبژاردن بکەن و بەشداری تێدا نەکەن .

٢ـ لە کاتی ناچاری و زۆر بۆ هێنانا کارتەکان بە سپیتی بخەنە ناو سندوقەکانەوە .

٣ـ بە زوویی ئاگادارمان بکەن لە ناوی ئەو خۆفرۆشانەی خۆیان پالاوتووە بۆ هەڵبژاردن .

٤ـ بە زوویی لەو گۆرانکاری رووداوانە ئاگادارمان بکەنەوە کە رووده‌دات لەم رووەوە .

٥ـ بە زوویی لە رادەی ئامادەیی و بەدەنگەوە هاتنی جەماوەر ئاگادارمان بکەن بۆ مقاطعە کردن و بۆ ئامادەبوونیان بۆ مانگرتن لەو رۆژەدا .

هاوڕێیانی هێژا

بە پێویستمان زانی لە هەندێک لەو هاتانە بخەینە بەردەمتان کە لە بواری ئەنجام دانی کارە ریکخراوەییەکاندا هەستی پێکراوە تا بە وردی بە رێوەیەکی کاری پێ بکرێت/

١ـ پێویستە هەر هەواڵ و رووداو دەنگوباسێکی گرنگ دێتە ئاگامانەوە بە زوویی و بە راپۆرتـــی تایبەتی ئاراستەمان بکرێت و بەردەوامیش پەیرەوی ئەم ئیشە بکرێت .

٢ـ لە ئەنجامی سەرنجدانی هەندێک راپۆرتدا دیاردەیەکمان کەوتە بەرچاو کە هەندێک لە هاوڕێیانمان تەنها لەسەر رووداوە بەسەرچووەکان [illegible] نووسیوە کە زۆربەی ئەو کیشانە یان چارەسەر کراوە یان روون کردنەوەی لەسەر دراوە لە کاتی خۆیدا . بۆیە هاوڕێیانمان ئاگادار دەکەینەوە کە پێویستە رەخنەو بۆچوون و پێشنیارەکانیان لە کاتی پێویستی خۆیدا بەرز بکەنەوە و پەلەی تێ بکەن . تا بتوانین وەک پێویست کاری پێ بکەین و سوودی لێ وەربگیرێت و

یان وەڵامەکەی لە کاتی خۆیدا بدرێتەوەو روون بکرێتەوە چونکە ئاشکرایە رەخنەو رەخنە لە خۆ گرتن و پێشنیارو بۆچوونی بەسوودو داواکاری بەجێی پێویستەو لەبەرژەوەندی ڕێکخستندایەو بەرەو پێشەوەی دەبات و کۆمەک بە کۆمەڵەمان دەدات .

٣ـ لە کاتی بڵاوبوونەوەی پروپاگەندەی دوژمنان و لایەنە نەیارەکانماندا ، پێویستە هاوڕێیان و لایەنگران و دۆستانمان بەشێوەیەکی زانستانەو ڕێکوپێک وەڵامی بدەنەوە و ڕاستی ڕوداوو دیاردە بۆ جەماوەر روون بکەنەوە . بۆ نموونە دیسانەوە دوژمنی فاشست و باجەکانی (جود) پروپاگەندەی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمدا بڵاودەکەنەوە ، لە کاتێکدا کە ئێمە بە توندی ئەو پروپاگەندە پووچانە بە درۆ دەخەینەوە لە هەمان کاتدا رایدەگەیەنین کە (ی.ن.ک) بەهیچ شێوەیەک لەم کاتەدا ئامادەی نەک تەنیا رێکەوتن بەڵکو تەنانەت هیچ گفتوگۆ کردنێک نییە لەگەڵ ڕژێمی فاشیدا .

٤ـ داوا لە هەموو هاوڕێیان لایەنگران و دۆستان دەکەین کە ناوونیشانی تەواوی ئەو هاوڕێ لایەنگرو دۆستانەمان بۆ بەرز بکەنەوە لە خوێندکارانی زانکۆو ئامۆژگاکانی پایتەخت کە بە هۆی پشوودانی هاوینەوە گەڕاونەتەوە سلێمانی تا بتوانین پەیوەندیان بۆ دروست بکەین لێرەو لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ئایندەمدا لە ڕیزەکانی ڕێکخستندا لە شاری بەغدا . تکایە ئەم کارە گرنگی تەواوی پێ بدەن .

٥ـ ماوەیەکە وا هەست دەکەین سستییەک هەبێت لە ڕێکخستنی هاوڕێیان لە ڕیزەکاندا ، بۆیە هاوڕێیان لایەنگران ئاگادار دەکەینەوە کە بایەخی تەواو بە کۆمەکردنی ڕێکخستن بدەن لەم ڕووەوە بە ڕەچاوکردنی چۆنایەتیشەوە واتە چوونە ناو ناخی جەماوەرەوەو پەروەردەکردن و سازدانی توخم و کەسانی دڵسۆزو خاوەن باوەڕو خۆڕاگیرەکان و سازدانیان ڕێکخستنیان لە ناو ڕیزەکاندا . لەهەمان کاتدا پێویستە ئەو ڕاستییە بە هاوڕێیان رابگەیەنین کەلە ڕیزەکانی سنووری پاڵاکیماندا لە رووی پەندیەتی ژمارەی کرێکارانی کەرتی گشتی (القطاع العام) لەجیاو ژمارەی کرێکارانی ڕیزەکاندا ژمارەیەکی زۆر کەمی کۆکردۆتەوە ، بۆیە پێویستە گرنگی بە ڕێکخستنی ئەو کرێکارانە بدرێت و ئەوپەڕی توانا بەکار بهێنرێت لەم بوارەدا .

٦ـ داوا لە هاوڕێیان لایەنگران و دۆستان دەکەین کە بڵاوکراوەو بەیان و پۆستەرەکان لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا بڵاوبکەنەوە وەک بۆیان دەست نیشان کراوەتە ئەو کاتە دیاری کراوە پاش و پێش بخەنە هەروەها هەمان فرمان پەیرەو بکەن لە نووسینی سەردیواریشدا .

ئیتر بۆ پێشەوە رەو سەرکەوتن

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
ڕێکخراوی سلێمانی
١٩٨٢/٦/٢٠

(( کریکاران و گەلانی زۆر لێکراوی جیهان یەکگرن ))
بە بۆنەی یادی کریکارانی جیهانەوە بەڵێنی دریژەدان بە
خەباتی رەوای کریکاران و رەنجدەرانی کوردوستان نوی دەکەینەوە

... ساڵ بەر لە ئیستا لەم رۆژە مەزنەدا نیوملیون کریکاری ئەمریکی ...
... ن لەکار هەڵگرت و رژانە سەرشەقام و شوینە گشتیەکان و گەورە...
... گرتنیان لە دژی دەسەڵاتی سەرمایەداری و چەوسینەرەوەکان بەرپاکرد و ...
... ی گوزەرانی کریکارانیان دەکرد .

... سەرمایەداری ئەمریکی بو کپ کردنەوەی دەنگی راپەریوی دلیرانەی کریکا...
... ی سەرۆکی دەسەڵاتی فروفیلاوی و دانی بەلیدا، درو و ساختە وکیشانی پیلانی نابەجێ ...
... چوار سەرکردە مەزنەکەی خوپیشاندەکانی ( ئوگست سپیز ) و (ئەلبرت پا...
( ... فیشەر ) و ( جورج ئەنگل ) گرت لە سیدارەی دان و دەیانی تریشی لی ...
... بە خوینی گەشیان خەباتی کریکارانی جیهانیان ئەخشاند و خویان ...
... ی کریکارانی دنیا ..

... قارەمانیتی ئەم کریکارانە کاریگەرییەکی ئەوتوی کرد کە کریکارانی جیهان لە ...
... لە سالی ( ١٨٨٩ ) دا بریاریان دا لە رۆژی یەکی ئایار بکریتە رۆژی کریکا...
... سەرکەوتنی تیدا بگیردری .
... میژا
... لە سایەی سیاسەتی خو سەپینەرانەی رژیمە بیروکرات و راستڕەوەکەی بەع...
... ی گوزەرانی کریکاران و کارگەرانی عیراقی تاڵ تر و ناهەموار تر دەبیت ...
... ی رۆژانە چەندین قات نرخیان زیاد دەکات و وەلەلایەکی تریشەوە دەیان ...
... دا مەزراوە گشتیەکان لە کاردەخرین و مافی رەوایان پی شیل دەکری و ...
... ئەشکنجە دەبنەوە پیدا ویستیەکی میژوویی سەرجەم کریکاران و رەنجدەرانی عیرا...
... ی رژیمە رەفتار فاشیەکەی بەغدا تی بکوشن و هەولی هینانە سەرکاری رژیمیکی ...
... ن ..
... ن و رەنجدەرانی کوردوستان .
... یەرۆزەدا و بەم یادە مەزنەوە جاریکی تریش بەڵێنتان بو نوی دەکەینەوە کە ...
... ی ریبازە مەزنەکەی کریکاران بەرنەدەین و هەمیشە خەبات لە دژی دەسـ...
... وولاتەدا گیرکەرو چەوسینەرەوەکان بکەین .

سەرکەوتوبی خەباتی کریکارانی دنیا
پتەوتربی هاوخەباتی کریکاران و گەلانی زور لیکراوانی جیهان

کۆمەڵەی رەنجدەرانی
کوردوستان

ریکخراوی سلیمانی

PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN
Democratic Organizations Bureau (D.O.B)
No.:
Date: / /200

یەکێتی نیشتمانی کوردستان
مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان
ژمارە: ٥١
ڕۆژ: ١٩/ ١ /٢٠٠٦

بەڕێز/ دەزگای کاروباری پێشمەرگە دێرینەکان

بابەت/ پشتگیری

سلاوێکی گەرم:.

هەڤاڵ(ڕەووف جمیل عزیز) ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی کردوە بەڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەپلەی ئەندام پۆل ماوەی پێنج ساڵیش پەیوەندی بەلیژنەی اختیالاتی ناوشارەوە هەبووە بەپلەی ئامرمەفرەزەی ناوشار.

لە-١٩٨٣/٦/٣٠ یش بۆمارەی ٢ساڵ من لێپرسراوی بووم دواتریش کاك عمر فەتاح لێپرسراوی بووە.

دوای ڕاپەڕینیش مارەی ٤ ساڵ لە١٩٩٢/٥/١٣ تا ٢١ ی ئابی ١٩٩٦ بەپلەی مولازم اول لەئاسایشی سلێمانی کاری کردوە و لەڕێکخستندا ئەندامی کۆمیتەی پێنجوێن بووە لەدوای ٢١ ی ئاب پەیوەندی کردوە بەمەڵبەندی دەرەوە و ساڵی ٢٠٠٢ گەڕاوەتەوە کوردستان و بەردەوامە لەکارکردن یەکێکە لەکادیرە تێکۆشەرەکانی یەکێتی نیشتمانی و لەماوەی (٢٥) ساڵ خەباتی خۆیدا دەیان چالاکی و سەروەری بۆیەکێتی تۆمارکردوە.

بۆیەپشتگیری تەوای دەکەم و هیوادارم لەخانەنشین کردنیدا هاوکاری پێویست بکرێت.

لەگەڵ ڕێزدا.

مەلا بەختیار

وێنەیەك بۆ/
– دۆسیەی گشتی.

# پێناسینی نووسەر

-ڕەئووف جەمیل عەزیز

-لەساڵی ١٩٦٢ لەسلێمانی لەگەڕەکی مەڵکەندی خوار شەقامی ئیبراهیم پاشا لەدایکبووە.

-خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەسلێمانی، خوێندنی ئامادەیی کشتوکاڵی لە بەکرەجۆ تەواو کردووە.

- لە پاییزی ساڵی ١٩٨٠ دا پەیوەندی کردووە بەڕێکخستنەکانی ناوشارەوە.

-لە ١٩٨٣/٦/١٨ پەیوەندی کردووە بە لیژنەی چالاکی پێشمەرگەی ناوشارەوە تا ڕاپەڕین.

-لە ١٩٩٣/٥/١٥ بووە بە ئەفسەری ئاسایش لە شاری پێنجوێن و چوارتا.

-لەدوای ٣١ ی ئاب ڕۆشتووە بۆ دەرەوەی وڵات لەئەڵمانیا نیشتەجێبووە.

-ئەندامی کۆمیتەی یەکێتی نیشتمانی بووە لە ئەڵمانیا - میونشن.

-لە ٢٠٠٣ دا گەڕاوەتەوە بۆ نیشتمان.

-ئێستا بە پلەی رائد خانەنشینی پێشمەرگەیە.

